براوەی MP3 پلەیەری ژمارەی پێشوو

بەڕێز (عبدالرحمن سەلام سعید) لە شاری سلێمانی گەڕەکی بازرگانی چوارباخ و پیرۆزبایی لێ دەکەین.

دیاری ئەم ژمارەیە:

خوێنەرانی ئازیز ئاگادار دەکەین کە دیاری ئەم ژمارەیە بریتیە لە مینی لاپتۆپیکی کۆمپاك بەم تایبەتمەندیانە:

- **خێرایی ١,٦ ئەنتل ئەتۆم**
- **هاردی ١٦٠ گێگا**
- **رام ١ گێگا**
- **شاشەی ١٠ ئینج.**
- **ویندۆزی ئێکس پی لەسەرە.**
- **جگە لەمانە مارکەی جیهانی کۆمپاکە و قەبارەیەکی بچوکی هەیە کە دەتوانیت هەمیشە پێت بێت و لەهەمان کاتدا وایەرلێسە و لە شوێنە گشتیەکاندا کە ئینتەرنێتی لێ بێت بە ئاسانی ئینتەرنێت کار پێ بکەیت.**

خوێنەری ئازیز
لەگەڵ گۆڤاری سی فۆر کورد هەرگیز بێ ئومێد نابیت و هەمیشە بە دیاری سەرنج ڕاکێش و بەسود بەسەرت دەکاتەوە.
تکایە ئەم فۆرمە با لە کاتی خۆی بگاتەوە دەستمان تاکو بێ بەش نەبیت لە دیاریەکە.

ئەو کەسانەی بە ئیمەیڵ دەینێرنەوە پێویستە وێنەکە جوانگیرابێت و لاپەڕەی گۆڤارەکە بە جوانی دەربکەوێت.

ئێمەش تیرو پشکی بۆ دەکەین و دیاریەکە بۆ یەکێك لە ئێوەی بەرێز دەردەچێت. و لە ژمارەی داهاتوو ناوی ئەو بەرێزە بڵاو دەکەینەوە.

هەموان دڵخۆش دەبن لەگەڵ گۆڤاری سی فۆر کورد.

گۆڤارێک بکڕەو لاپتۆپیک بەدەست بێنە

تکایە ئەم زانیاریانە پڕ بکەرەوەو لەو شوێنەی دەستنیشان کراوە بیبڕەو بیگەڕێنەوە:

١-ناو: ....

٢-ناونیشان: ....

٣-ئیمەیڵ: ....

٤-ژ.مۆبایل: ....

تێبینی:

١- پێویستە ئەم فۆرمە تا ١٨ - ٥ - ٢٠١٠ بگاتەوە دەستمان.
٢- لە ژمارەی داهاتوو ناوی براوە ئاشکرا دەکەین.
٣- کەسی براوە لەکاتی وەرگرتنی دیاریەکە پێویستە ئەم ژمارەیەی سی فۆر کورد لەگەڵ خۆی بهێنێت.
٤- بۆ گەڕاندنەوەی ئەم فۆرمە:
- لە سلێمانی: نوسینگەی سەردەم - بەرامبەر سلێمانی پالاس
- لە هەولێر: نوسینگەی کاوان بەرامبەر دادگای هەولێر.
یاخود ئەو کەسەی لێت کڕیوە.
٥-یان دەتوانیت وێنەی فۆرمەکە بگریت بە پڕکراوەیی و بە ئیمەیڵی (xalat@c4kurd.com) بۆمان ڕەوانە بکەیت.
٦- بۆ هەر پرسیارێک پەیوەندی بکە بە ژمارە مۆبایلی 07706449565

ئاگادارییەك بۆ نووسەرە بەڕێزەكانی

سی فۆر كورد

ئاگاداری هەموو ئەو نووسەرە بەڕێزانە دەكەینەوە كە بابەت بۆ (سی فۆر كورد) دەنووسن لەكاتی نووسینەكانیاندا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكەن تاكو بابەتەكانیان بڵاوبكرێتەوە:

1- تا بكرێت بابەتەكان بە (یونیكۆد) بنووسرێت.

2- ئەگەر پێتان باش بێت وێنەیەكی كەسی لەگەڵدابێت.

3- ئەگەر بكرێت ئیمەیل و ژمارەی مۆبایلی لەگەڵ دابێت بۆ پەیوەندی كردن لەكاتی پێویستداو دابەزاندنی ئیمەیڵەكە لەگەڵ بابەتەكە.

4- هەوڵ بدرێت هەڵەی زمانەوانی كەم بكرێتەوە.

5- ڕەچاوی بنەماكانی ڕێزمان و خاڵبەندی بكرێت.

6- با بابەتەكان وێنەی ڕوون كردنەوەی لەگەڵ دابێت هەروەها وێنەكان لە نێو فایلە وۆردەكەدا دانرابێت و و بە جیاش لە فۆڵدەرێك بێت.

7- تا بكرێت بابەتەكان سەرچاوەیان لەگەڵدا بێت.

8- بابەتەكان لە شوێنی تر بڵاونەكرابنەوە یاخود لە سایتی كوردی نەهێنرابێت.

9- بەرامبەر هەر بابەتێك بەخششێكی ڕەمزی لە لایەن گۆڤاری سی فۆر كوردەوە وەردەگریت.

10- بۆ ئەوەی بتوانین پاداشتی بابەتەكان بە ڕێكو پێكی بگەیننە دەستان، تكایە ژمارەی مۆبایل و شوێنی نیشتەجێ بوون بنووسن.

11- دەتوانن بابەتەكانتان لە بارەی كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و بەرنامەو مۆبایل و هەموو بوارەكانی تری تەكنەلۆژیای زانیاری بێت.

12- ئەو بابەتانەی باسی بەرنامە دەكات با لینكی بەرنامەكەی لەگەڵدا بێت یان ناوی تەواوی بەرنامە تاكو لە نێو سیدی تایبەت بە گۆڤار دابنرێت.

13- بابەتەكان تا بەرواری 15 مانگ بگات بەدەستمان.

14- بابەتەكان لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەی خوارەوە ڕەوانە بكەن:

np@c4kurd.com

سی فۆر کورد

www.c4kurd.com

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
ژمارەی متمانەی (١٦٥)ی پێدراوە

ژمارە 40

گۆڤارێکی مانگانەی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان

C4kurd
A Monthly Magazine Publication on Information Technology
No. (40) 3rd Year April 2010

ژمارە (٤٠) سالّی سێیەم نیسانی ٢٠١٠

پێکهاتەی سیدی دیاریی لەگەڵ گۆڤار

بەرنامە باسکراوەکانی ئەم ژمارەیە:

- فۆڵدەری Irregular بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 11 باسکراوە.
- فۆڵدەری pure بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 15 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری Shape بەرنامەیەکی تێدا بۆ کاری وێنەو لە لاپەڕە 16 باسکراوە.
- فۆڵدەری Fun Desktop بەرنامەیەکی تێدایەو لە لاپەڕە 18 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری Fortop بەرنامەیەکە بۆ دروستکردنی ئەلبوم و لە لاپەرە 19 باسکراوە.
- فۆڵدەری Face بەرنامەی چاتی فەیسبوکی تێدایە کە لە لاپەڕە 21 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری Ghost بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 26 باسکراوە.
- فۆڵدەری wena چەندین وێنەی پێکەنین ئامێزی تێدایە.
- فۆڵدەری Butterfly یارییەکی تێدایە کە لەلاپەڕە 36 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری luna بەرنامەیەکی یابانی تایبەت بە سایتکردنەوەیە لە لاپەڕە 38 باسکراوە.

ئەم دیاریانەشی تێدایە:

- فۆڵدەری yahoo تازەترین ڤێرژنی یاهوو ماسنجەری تێدایە.
- فۆڵدەری Back پێکهاتوە لە 100 وێنەی جوان بۆ کۆمپیوتەرەکەت.
- فۆڵدەری Mobile چەند بەرنامەیەکی مۆبایلی تێدایە.
- فۆڵدەری Music چەند نەغمەیەکی نوێی هەڵبژاردەی لە خۆ گرتوە.
- فۆڵدەری anti تازەترین ڤێرژنی ئەنتی ڤایرۆسی ئەڤێرای تێدایە.

ڤیدیۆ فێرکاریەکان:

- فۆڵدەری Video دوو فایلی ڤیدیۆی تێدایە:
- یەکەمیان باس لە گۆڕینی وێنەی ڕەش و سپی دەکات بۆ ڕەنگاوڕەنگ.
- دوهەمیان باس لە ئینتەرنێت ئۆپشن دەکات و چۆن سایتەکراوەکان دەسڕێتەوە.

خاوەنی ئیمتیاز:
شێخ فاتح ئیبراهیم

سەرنوسەر:
هێمن فاتح
مۆبایل: 07504562693
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنوسەر:
هەردەوان نەقشبەندی
مۆبایل: 07706449565
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:
حازم حەمەد جاف
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com

دەستەی نوسەران:
محەمەد ئەبوبەکر
مەهدی ئۆمەربلی
محەمەد مێرگەیی

دیزاین:
گروپی سی فۆر کورد

ناونیشانی گۆڤاری سی فۆر کورد:
هەولێر - شەقامی سوڵتان موزەفەر - بازاڕی موزەفەرییە - نهۆمی سێهەم

ژمارەی حیسابی بانکی:
هەولێر – بانکی سۆران (٥٠٤٧)

نرخی (٢٥٠٠) دینارە

(٢٠٠٠) دانەی لێ چاپ دەکرێت

لە چاپخانەی (حاجی هاشم) لە چاپدراوە

بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و ڕەخنەکانتان لە ڕێگەی ئیمەیڵ:
np@c4kurd.com

لەم ژمارەیـــەدا

سی فۆر کورد و هەنگاوێکی نوێ 5

ئایا فۆرماتکردن خراپە بۆ کۆمپیوتەر؟ 6

چەند سەرنجێك لە نوسینەکانی ناو گۆڤاری سی فۆر کورد 7

جیاوازی نێوان ویندۆزی 64bit و ویندۆزی 32bit 8

پلاندانان بۆ دامەزراندن و دروستکردنی نێتۆرك 10

بەرنامەیەك بۆ فرمانە شارەکانی ئینگلیزی 11

بێل گەیتس : بەرهەمە سەرکەوتوەکانی مایکرۆسۆفت 12

چۆن مۆبایلەکەت بەکار دەهێنیت؟ 14

(کاسپەرسکای پیور) نوێترین بەرهەمی کاسپەرسکای 15

بەرنامەی (Shape Collage) بۆ رێکخستنی وێنەکانت .. 16

بە تەنها دوو کلیك وێنەی سەر دیسکتۆپەکەت بگۆڕە 18

بەرنامەیەکی بەهێز بۆ دروست کردنی ئەلبومی وێنە 19

هەواڵی ئای تی 20

پرۆگرامێك بۆ چاتکردن لە فەیسبووك 21

زنجیرەی فێربـونی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2007 22

بەرنامەی Norton Ghost رزگارت دەکات لە فۆرماتکردن 24

چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرپەرشتیاری چاککردنەوەی هۆلی ئەحمەد هەردی 27

بەرنامەسازی بە زمانی جاڤا 28

ڕەنگکردنی وێنە کۆنەکان بە بەرنامەی فۆتۆشۆپ 30

رێگایەك بۆ چارەسەرکردنی پڕ بوونی پۆستی hotmail 31

دروستکردنی کۆنێکشنی ئینتەرنێتی (ADSL) 32

گۆرینی ناوی ئایکۆنی (Control Panel) 34

داخستنی دۆس لە ویندۆز ئێکس پی 35

یارییەك بۆ هەموو تەمەنەکان 36

پیتی بەشە هاردی کۆمپیوتەرەکەت بەئارەزووی خۆت بگۆڕە 37

بۆ ئەو کەسانەی کە حەزیان لە راو ماسیە!!! 38

نرخی ریکلام لە گۆڤاری سی فۆر کورد 39

گۆشەی رایت کلیك 40

جیاوازی نێوان ویندۆزی 64bit و ویندۆزی 32bit 8

هەواڵی ئای تی 20

بەرنامەسازی بە زمانی جاڤا 28

سی فۆر کورد - یەکەم بڵاوکراوەی کوردی تایبەت بە ئای تی کە ٤٠ ژمارە لێ دەرچوبێت - هەنگاوێکی نوێ

خۆمان بە خۆشحاڵ دەزانین لەگەڵ ئێوە هەنگاوێکی تری گۆڤاری سی فۆر کورد دەبینین کە هەنگاوی بە ڕەنگاوڕەنگ کردنیەتی. ئەم هەنگاوە لە زووەوە ئاواتی ئیمەو ئیوە بوە و هەمیشە وتومانە گۆڤاری کۆمپیوتەر جیاواز لە گۆڤارەکانی تر زۆر پێویستە کە ڕەنگاوڕەنگ بێت.

وا گۆڤاری سی فۆر کوردیش لە ژمارە ٤٠ یدا بەو ئاواتە گەیشت و پێشمان خۆشە لەم کاتەدا ئەوە بخەینە ڕوو لەگەڵ ئەو بڵاوکراوانەی پێش گۆڤاری سی فۆر کورد و لەگەڵ ئەو گۆڤارانەی کە ئێستا شان بە شانی گۆڤاری سی فۆر کورد خزمەت دەکەن بۆ یەکەمینجار بڵاوکراوەیەکی کوردی تایبەت بە ئای تی دەگاتە ٤٠ ژمارە بەبێ دابڕان.

ئەمە بێگومان شانازیە کە توانیمان لێبڕاوانە بە پاڵپشتی ئێوەی ئازیز بەردەوام بین و ژمارە ٤٠ بگاتە دەستی ئێوەش و بەو ئومێدەش بە هەمان شێوەی پێشو لە داهاتودا هەوڵی داهێنان و خزمەتی زیاتر بدەین.

گۆڤاری سی فۆر کورد بە ئیمکانیەتێکی کەمەوە بەڵام بە تواناو ورەیەکی بەرزەوە بەردەوام بوە و بێگومانیش هەوڵی جددیمان بۆ خزمەتی زیاتر و پێگەیاندنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و شارەزایە. هەمیشە دڵمان بە دڵخۆشی ئێوە خۆشە کە هاندەری سەرەکیمان و هەمیشە بە پێشنیارەکانتان ویستوتانە سی فۆر کورد بەرەو پێش بەرن. چونکە سی فۆر کورد هەر لە سەرەتاوە ئەوەی بە ئێوەی بەرێز ڕاگەیاندوە کە هەموان خاوەنی سی فۆر کوردین و تەنها دەستەی نوسەران نین. هەر واش بووە لە ماوەی ٤٠ ژمارەی ڕابردوو سەلما کە سەرکەوتنی سی فۆر کورد بە هەوڵی هەموومان بوە.

پێمانخۆشە لەم کاتەدا ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە سی فۆر کورد هەمیشە هەوڵی داهێنانی تازەی داوەو ئەوەی گرنگ بوە و هەمیشە لە بیرمان بوە کە چۆن بتوانین ئێوەی بەرێز خزمەت بکەین. جا بە دەستگرۆیی نوسەرە لاوەکان بێت و هاندانیان بێت بۆ نوسین، یاخود یارمەتیدانی ئەو کەسانەی حەزیان لە شارەزاییە لەم بوارەدا.

ڕەنگاو ڕەنگ کردنی گۆڤاری سی فۆر کورد هاندانێکە بۆ ئێمە کە زیاتر هەوڵ بدەین سی فۆر کورد بە ڕوکارێکی ڕەنگاوڕەنگی جوانتر پێشکەش بە خوێنەرانی بکەین، هەروەها ئێوەی خوێنەریش بە حەزێکی ترەوە بابەتەکانی بخوێننەوە.

ڕەنگاوڕەنگکردنی گۆڤاری سی فۆر کورد کارێکی ئاسان و سادە نیە بۆ ئێمە کە تەنها ڕەنگکردن بێت. بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا ماندوو بون و زیاتر خەریك بونی دەوێت بۆکاری دیزاین کردنی، چونکە کارمان تەنها ڕەنگ ڕشتن نیە بە لاپەڕەکانی بەڵکو پیشاندانی دیزاینێکی جوان و پێشکەوتوە.

هەروەها پێمانخۆشە لەم کاتەدا ئەوەش ڕابگەیەنین کە سی فۆر کورد بڕیاری داوە تا بکرێت بەردەوام بێت لە خەڵاتی مانگانەی خۆی و هەرکەسێك گۆڤارێك بکڕێت چانسێك دەبێت بۆی کە ببێتە خاوەنی خەڵاتی سی فۆر کورد. هەمووکاتیش ئەو بڕە پارەیەی سی فۆر کورد کە دەمێنێتەوە دەبێتە هۆی کڕینی خەڵاتی باشتر، چونکە هەر لە سەرەتاوە ستافی گۆڤار بڕیاری ئەوەیان داوە بە توانای مادی و مەعنەوی پاڵپشتی سی فۆر کورد دەبن، بۆیە ئەوەی پێویست بێت بۆ دڵخۆشکردن و خزمەتکردنی خوێنەرانی ئەوا لە ئەولەویاتی ستافی سی فۆر کورد دەبێت.

حەزیش دەکەین ئەوە بڵێین کە ئەو ٥٠٠ دینارەی لە نرخی گۆڤار بەرز بوەتەوە زۆر دڵتەنگمان دەکات کە هەموو تواناکان ئەوەیە نرخەکەی گونجاو بێت بەڵام هەموو لایەکانمان لێکداوەتەوەو وەکو خۆشتان دەزانن ڕەنگاوڕەنگ کردنی پارەیەکی زیاتری دەوێت و نەدەتوانرا گۆڤارێکی ٤٠ لاپەڕە ڕەنگاوڕەنگ و سیدیەکی پڕ لە بەرنامە بە هەمان نرخ بمێنێتەوە.

لەکۆتاییدا پەیمانتان پێ دەدەین کە لەگەڵ بەردەوام بونی گۆڤار بەردەوام دەبین لە خزمەت و داهێنانی نوێ بۆ ئێوەی ئازیز. هەموو کات چاوەڕوانی مژدەی دڵخۆشکەر بن لە سی فۆر کوردا.

ستافی گۆڤاری سی فۆر کورد

بەناوی ستافی گۆڤاری سی فۆر کوردەوە پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ڕۆژنامەنوسانی کوردستان دەکەین بەهۆی ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردیەوە. بەو ئومێدەی ساڵی داهاتوو ساڵی گەشەکردنی زیاتری ڕۆژنامەگەری تایبەت بە ئای تی بێت.

www.c4kurd.com

ئایا فۆرماتکردن خراپە بۆ کۆمپیوتەر؟

هێمن فـــاتـــح

زۆرجـار کۆمپیوتەرەکەمان توشی کێشە دەبێت و کارەکانمان بە ئاسانی بۆ جێبەجێ ناکات. بۆیە یەکەم شت کە بیری لێ دەکەینەوە فۆرماتکردنیەتی. واتە لابردنی ویندۆزەکەو سەرلەنوێ دانانەوەی ویندۆز و هەموو بەرنامەکانی تر کە پێویستمانە.

لەبەر ئەوەش کە هەموومان کۆمپیوتەرەکانمان توشی کێشە دەبن وشـەی فـۆرمـان لە نێو بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر لە کوردستان زۆر تەشەنەی کردوە. زۆرێکیشمان بەردەوام پەنای بۆ دەبەین بۆ خێراکردنەوەی ویندۆز و رزگاربون لە کێشەکان و ئەوەشی وای لێکردوە هەرزانی نرخی فۆرماتە لە کوردستان.

رەنگە فۆرماتی کۆمپیوتەرێك لە دەرەوە زیاتر لە ٥٠٠ دۆلاری بوێت و بەڵام لای ئێمە لە ٢٠ هەزار تێناپەرێت. یان رەنگە زۆرێکمان لە ماڵەوە بیکەین.

ئەوەی لەم بابەتە مەبەستمانە ئەو قسەیەیە کە لە هەندێك گوێمان لێی دەبێت و دەڵێن نەکەی کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات بکەیت و خراپە بۆ کۆمپیوتەرەکەت. بۆیە رەنگە بپرسین ئایا فۆرمات خراپە بۆ کۆمپیوتەر؟

زۆر بە کورتی دەتوانین وەڵامی بدەینەوە و بڵێین نەخێر.

بـەڵام ئـەو نـەخـێرە زۆر بەشی لێ دەبێتەوە و دەبێت ئێمە بزانین مەبەستمان چ جـۆرە فۆرماتێکە؟ بەڵام بە شێوەی گشتی دەتوانین بڵێین بـۆ کـۆمـپـیـوتـەری کەسێکی ئـاسـایـی ئـەگـەر سـاڵـی دوو یان سێ جار فۆرماتی بکات ئەوا هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نابێت.

بەڵام با ئێمە ئەوە روون بکەینەوە چـی فـۆرمـات دەکـەیـن؟ بێگومان فۆرمات پەیوەندی راستەوخۆی بە هـاردی کۆمپیوتەرەکەتەوە هەیە. واتـە کاتێك سـەیـری کۆمپیوتەر بکەین لە چەندین بەش پێکهاتوە کە یەکێکیان هاردەکەتە. کاتێك ئێمە فۆرمات دەکەین ئەوا هاردی کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات دەبێت. کەواتە ئەگەر کێشەی بچوکیش دروست بکات ئەوا تەنها بۆ هاردەکەیە نەك هەموو کۆمپیوتەرەکە.

کەواتە ئەگەر سـەیر بکەیت ترسەکە تەنها لە هاردەکە کۆ بوەتەوە وەکو ئاماژەشمان پێکرد کە لە ساڵێکدا چەند جارێك بە هیچ شێوەیەك کێشە بۆ هاردت پەیدا ناکات و بێگومان ئەگەریش رۆژانـە فۆرمات بکەیت ئـەوا (ئەگەر) کێشەی بۆ دروست بوو ئەوا تەنها بۆ هاردەکەتە کەنرخەکەی تەنها ٨٠ دۆلارە لە بـازاردا. کەواتە ئێستا دەتوانین بڵێین فۆرمات بریتیە لە رەشکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە هەتە لەسەر هاردیسکەکەت. کەواتە هەرکاتێك فۆرمات بکەیت ئەوا هاردەکەت بەتاڵ دەکەیت و جارێکی تر شتی لەسەر سەیڤ دەکەیتەوە.

گرنگترین شت کە پێویستە ئاگات لێی بێت ئەو داتاو فایل و وێنەو نوسینانەیە کە هەتە لە نێو کۆمپیوتەرەکەت، ئەگین سێ جار فۆرماتیان زیاتر لە ساڵێکدا کێشەیەکت بۆ دروست ناکات و دەتوانیت بێ مەترسی کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات بکەیت.

بـەڵام ئـەوەی کە پێویستە هەموو بەکارهێنەرێکی کۆمپیوتەر ئاگای لێ بێت ئەوەیە کە بێگومان هەر رۆژێك بێت کۆمپیوتەرەکەت هەر پێویستی بـە فـۆرمـات دەبـێـت بـۆیـە هەوڵ بدە فایلەکانت بـەهـۆی فۆرماتەوە نەفەوتێت. بۆ ئـەم حاڵەتەش هەوڵ بدە با فایلەکانت لەسەر درایڤی C نەبێت چونکە کاتێك فۆرمات دەکرێت دەتوانیت تەنها ئەو درایڤە فۆرمات بکەیت. هەروەها دێسکتۆپ و MY Document یشت هـەر لە تایبەتە بە درایڤی C. بۆیە هەمیشە هەوڵ بدە فایلە گرنگەکانت لە نێو درایڤی D سـەیڤ بکە تاکو توشی کێشەی لەدەستدانی زانیاریەکانت نەبیت لەکاتی فۆرماتدا. جگە لەوە ترسی هیچ زیانێکی ترت نەبێت.

چەند سەرنجێك لە نووسینەکانی ناو گۆڤاری سی فۆر کورد

د. فەیسەڵ عارەب بڵباس

لەبەرئەوەی ماوەیەکە ئاشنایەتیم لەگەڵ گۆڤاری (سی فۆر کورد) پەیداکردووە و ناوە ناوەش بابەتەکانی دەخوێنمەوە و سوودی باشیان لێ دەبینم، لەو بڕوایە دام کە خوێنەرانی دیکەش سوودیان لێ وەرگرتووە، بۆیە پێم خۆشە ئەم گۆڤارە رەنگینە بەردەوام بێت لە دەرچوون و ژمارە دوای ژمارە بابەتی باشتر و نووسینی بەپێزتری تێدا ببینرێ. هەرچەندە من پسپۆڕی بواری کۆمپیوتەر نیم و زۆریش لە زمانی تەکنۆلۆجیای زانیاریەکان (ئای تی) شارەزاییم نیە، بەڵام ئەمڕۆ کە سەردەمی کۆمپیوتەر و ئەو تەکنۆلۆجیایەیە، دەبێ ئێمەی کوردیش تا بکرێ شوێن پێی ئەو وڵات و نەتەوانە بکەوین کە هەنگاوی باشیان لەم بوارەدا ناوە. بێگومان خوێندن و فێربوونی ئەو زانستەی سەردەمیش پێویستیی بەوە هەیە کە شارەزای زمانەکەی بین، چونکە ئەو تەکنۆلۆجیایە کە ساڵانێکی زۆرە لەبرەو دایە، وشە و زاراوە و دەستەواژەی تایبەت بەخۆی پەیدا کردووە و ئەو نەتەوانەی لەو بوارەدا پێگەییوون، توانیویانە زمانەکە بۆ خۆیان دەستەمۆ بکەن و لەناو زمانی زگماکی نەتەوەیی خۆیاندا جێی بکەنەوە. خوێنەر و خوێندەواری کوردیش کە خەریکە نەوەیەکی لێ دەکەوێتەوە کە تەنیا بەزمانی زگماکی خۆی نەبێ، بەداخەوە، ناتوانێ بە هیچ زمانێکی دیکە بخوێنێ و بخوێنێتەوە، بۆیە پێویستیی بەوە هەیە کە زانستەکان بەزمانی خۆی فێر بکرێ. ئەرکی شارەزایانی بواری زانستە جۆراوجۆرەکانە، کە ئەو زانستانە وەردەگێڕنە سەر زمانی خۆمان، وای بگونجێنن کە خوێنەر و فێرخوازی کورد تێیان بگەن و فێری بن و لەژیانی رۆژانەی خۆیاندا بەکاری بێنن. من پێم وایە ئەوەی کە گۆڤاری (سی فۆر کورد) دەیکا لە بەکوردی کردنی زمانی کۆمپیوتەردا، کارێکی پیرۆزە و جێی دەستخۆشی لێکردنە و بە دڵنیاییەوە جێ پەنجەی هەڵسووڕێنانی ئەم گۆڤارە و ئەوانەی تێیدا دەنووسن لە مێژووی دروستبوونی زمانێکی کوردیی تایبەت بە تەکنۆلۆجیای زانیاریەکاندا بە ئاشکرا دیار دەبێ. بۆیە دەبێ سەرپەرشتیارانی ئەم گۆڤارە لەو رووەوە زۆر دووربین و ورد بن، هەر لە هەڵبژاردنی بابەتەکان و ئەو زمانەی کە پێیان دەنووسرێنەوە تا دەگاتە هەڵەچنی نووسینەکانی کە بۆیان دەنێردرێن. دەبێ ئەم گۆڤارە و هەڵسووڕێنانی ستراتیجیەکی تایبەتی خۆیان هەبێ و پەیڕەوی چەند بنەمایەك بکەن، لە رووی زمانەوانیەوە، لە بڵاوکردنەوەی ئەو وتار و نووسینانەی کە دەگاتە لایان.

لێرەدا من چەند کورتە سەرنج و تێبینیەك، کە پتر زمانەوانین، دەخەمە بەردەستی ئەوانەی لەو گۆڤارەدا کار دەکەن یان دەنووسن. ئەوەش بە مەبەستی پێشخستن و سوودبەخشترکردنی گۆڤارەکە و بۆ ئەوەش کە رێچکەیەکی جێگیری سەربەخۆی هەبێ و خزمەتی زمانی کوردی و خوێنەری کوردی پێ بکات.

١- تێبینیم کردووە بۆ تاکە وشە یان زاراوەیەکی تایبەت بە کۆمپیوتەر، پتر لە یەك وشە یان زاراوە لە کوردیەکەدا بەکار دەهێنرێت، بگرە لە یەك ژمارەشدا لە هەر نووسینێك بە شێوەیەکی جیاواز هەمان وشە و زاراوە بەکار هاتووە، بۆ نموونە: وشەی Window کە مانای (پەنجەرە)یە و بەو لاپەرە یان رووبەرەی سەر شاشەی کۆمپیوتەر دەگوترێ کە بۆ بەکارهێنەر دەکرێتەوە بۆ ئەنجامدانی فرمانێك یان هەڵبژاردنی ئەرکێك...، لە نووسینەکانی ناو گۆڤارەکەدا هەندێ جار هەر بە (ویندۆ) یان بە (پەنجەرە)، هەندێ جاریش بە (رووکار و رووکەش) و جاری واش بووە بە (بۆکس) ناو براوە. ئەمە دوور نیە سەر لە خوێنەر بشێوێنێ و بە شتی لێك جودایان لێك بداتەوە. بۆیە باشتر وایە گۆڤارەکە تەنیا یەکێك لەوانەی کە پێی راست و گونجاوترە هەڵبژێرێ و لە نووسینەکاندا بەکاری بێنێ، بۆ ئەوەی ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگی کوردیی تایبەت بەزانستی کۆمپیوتەر جێی خۆی بگرێ. هەمان سەرنجم بۆ وشەکانی (سایت) و (وێب سایت) و (ماڵپەر)یش هەیە.

٢- هەندێ لە وشە و زاراوە بیانیەکان بە چەوتی و بەدەنگی جودا لە راستەکەی دەکرێنە کوردی. وەك ئەوەی کەسێکی کە ئەو زمانە نەزانێ و دەنگەکەی نەناسێت و بەپێی پیتەکانی بیخوێنێتەوە، نەك وەکو ئەوەی لە زمانە بیانیەکەدا دەگوترێ. بۆ نموونە: Desktop کە دەخوێنرێتەوە (دێسکتۆپ) و مانای (سەرمێز)ە، زۆر کەس بە (دیسك تۆپ) دەینووسن و دەیخوێننەوە. ئاشکراشە کە (دیسك) و (دێسك) ئاسمان و رێسمانیان نێوانە.

٣-هەندێك گۆڕینی وشە و زاراوەکان بە شێوەیەکی نارێك دەکرێنە کوردی و وەکو ئەوە دەردەکەون کە وشە بەرامبەر بە وشە گۆڕدرابن نەك مانا و مەبەستی وشە و زاراوەکە وەرگیرابن. بۆ نموونە: Processor ئەو پارچە ئەلیکترۆنیە تەنکەیە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ زانیاریەکاندا (داتاکان) دەکات و بە عەرەبی (معالج)ی پێ دەڵێن، هەندێ نووسەر کردوویانە بە (چارەسەر) یان (چارەکەر)، کە دیارە لە عەرەبیەکەیان وەرگرتووە. ئاشکرایە کە ئەم گۆڕینە هیچ مانایەکی پڕ بەپێستی ئەو ئامرازە نابەخشێ، بۆیە باشتر وایە هەر (پرۆسێسەر)ەکە بەکار بهێنرێت یان دەستەواژەی (ئەو بەشەی هەڵسوکەوت لەگەڵ زانیاریەکاندا دەکات) بەکار بهێنرێ، بۆ ئەوەی بە هەڵە لەو وشەیە نەگەین.

جیاوازی نێوان ویندۆزی 64bit و ویندۆزی 32bit

هەردەوان نەقشبەندی ـ قوتابی ماستەر

زۆرجار بەهۆی کەم خوێندنەوەمان یان بەهۆی فەرامۆشکردنی ئەوا بوارانەی کە ئیشمان پێیان نییە تێگەیشتنی تەواومان نییە بۆ هەندێك لە زاراوە و چەمکەکانی زانستییەکانی زانستی ئایتی، ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا باسییکەم هەڵەیەکی زۆر دیارو بەربڵاوە لەناو بەکارهێنەری کورد سەبارەت بە بۆچوون و تێگەیشتنیان لە جیاوازی نێوان ویندۆزی 64بت و ویندۆزی 32بت. چونکە چەندجارێك بەرێکەوت باسکردنی ئەم جیاوازییەم بەهەڵە بەرگوێ کەوتووە لای بەکارهێنەرەکانەوە، بەتایبەت کە باس لە گونجاندنی کۆمپیوتەر دەکرێت بۆڤێرژنی نوێی ویندۆز کە ویندۆزی7ـە.

بەداخەوە تا ئێستا زۆربەی بەکارهێنەرانی ئێمە تەنانەت زۆرێکیش لەوانەی کە نووسینگەی فرۆشتنی کەلوپەلی کۆمپیوتەریان هەیە بە جۆرێك باسی جیاوازی نێوان ویندۆزی 64بت و ویندۆزی 32بت دەکەن، کە ئەو جیاوازییە تەنها پەیوەندی بە قەبارەی هارددیسك و توانای رامی کۆمپیوتەر و خێرایی پرۆسیسەرەوە هەیە کە قەبارەیان چەندە، بۆنمونە ئەگەر خێرایی پرۆسیسەری کۆمپیوتەر یەك گێگاهێرتز بوو واتە CPU=1.0GHZ ئەوا دەبێت ویندۆزی 32بت هەڵبژێریت، ئەگەر خێرایی پرۆسیسەرەکەش زیاتر بوو ئەوا ویندۆزی64بت هەڵبژێریت، هەمان شتیش بۆ رام و هارددیسکیش، ئەم هەڵەیە ئاگادارم رۆژانە سەری لەزۆربەی بەکارهێنەرەکان شێواندووە و وایلێهاتووە بەکارهێنەر نازانێت کامە جۆری سیستەمی ویندۆز دامەزرێنێت لەسەر کۆمپیوتەرکەی ئایا ویندۆزی 64 بەکاربێنێت یان ویندۆزی32بت؟!

بۆیە منیش لێرەدابەپێویستی دەزانم روونکردنەوەیەک و راستکردنەوە بۆ ئەو بابەتە بنووسم، لە راستیدا وەك لەسەرەوەش ئاماژەم پێکردووە دوو جۆرە سیستەمی ویندۆز هەیە بۆ هەر ڤێرژنێك بەتایبەتی لەپاش دەرچوونی ویندۆز ڤیستا جۆرێکیان بە ویندۆزی 32بت یان (32-bit) x86 ناسراوە، جۆرەکەی تریش بە ویندۆزی 64بت یان x64 64-bit ناسراوە، جیاوازی نێوان ئەم دوو ویندۆزە تەنها و تەنها پەیوەندیان بەجۆری پرۆسیسەری کۆمپیوتەرەکەوە هەیە واتە CPU لەگەڵ Busی مەزربۆردەکە. واتە بەر لە هەڵبژاردنی سیستەمی ویندۆزەکە دەبێت بزانیت پرۆسیسەری کۆمپیوتەرەکەت لە کام جۆرە و پاشان ئەوجۆرە سیستەمە دامەزرێنیت کە لەگەڵ پرۆسیسەر و Busی کۆمپیوتەرەکەت دەگوونجێت.

بەشێوەیەکی گشتی تا ئێستا دوو کۆمپانیای بەناوبانگ هەیە کە بەرهەم هێنەری سەرجەم پرۆسیسەرەکانن ئەوانیش هەردوو کۆمپانیای AMD کۆمپانیای Intelـان، بەزۆری کۆمپانیای AMD تەنها پرۆسیسەری جۆری 64بت بەرهەم دەهێنێت بەڵام کۆمپانیای Intel هەردوو جۆر پرۆسیسەر بەرهەم دەهێنێت واتە هەم 64بت هەروەها 32بت. رەنگە ئێستا ئێوەی خوێنەر ئەو پرسیارەتان لەلا دروست بووبێت و بپرسن جیاوازی نێوان ئەم دوو ژمارەیە چییە واتە جیاوازی نێوانی 64بت و 32بت چییە؟

بۆیە منیش بە وەڵامێکی زانستیانە جیاوازی ئەم دوو ژمارەیە رون دەکەمەوە، ئەم دووژمارەیە واتای توانای تێپەربوونی داتایە لەنێوان رام و پرۆسیسەر دا، لە رێگای Busـەوە، یان دەتوانین بەشێوەیەکیتر بڵێین Bus تاکە رێگای تێپەربوونی داتایە لەنێوان پرۆسیسەر و رامدا. کەواتە لێرەوە بۆمان روندەبێتەوە ئەو پرۆسیسەرانەی کە لە جۆری ٦٤بت بێت، ئەوا رێگایە دووجار پانترە بۆیە تێپەڕ بوونی داتا بە بەراورد لەگەڵ ئەو پرۆسیسەرانەی کە 32بتە، واتە پرۆسیسەری 64بت لە توانای گواستنەوەی داتا دووئەوەندە خێراترە لە پرۆسیسەری 32بت. بەهەمانشێوە لە ئەنجامدان و توانای چارەسەرکردن و سەروبەرکردنی داتاکانیشدا دووئەوەندەی پرۆسیسەری٣٢بت خێراترە و توانای زیاترە، هەروەها جگە لەوانەش پرسیسەری 64بت دەتوانێت لەگەڵ زیاتر لە ٤گێگابایت رام کاربکات، بۆ ئەمڕۆ بەرهەمهێنەرەکان کار لەسەر دروستکردنی سیستەمەکان دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ٦٤بتدا رێک بکەوێت.

بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دەوانم بڵێم پرۆسیسەر و ویندۆزی64بت زۆرخێراتر و باشترە بە بەراورد لەگەڵ پرۆسیسەری 32بت، بەڵام دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین هەموو جۆرە پرۆگرامێك یان ئەپڵیکەیشنێك لەگەڵ ویندۆزی 64بت کارناکات، بەتایبەتی ناساندنی(تعریف) هاردویرەکانی وەك پرنتەر و سکانەر، هەر ئەوەش وایکردووە کە زۆرێك لە

www.c4kurd.com

بەکارهێنەرانی کورد ویندۆزی 32بت بەباشتر و پەسەندتر بزانن چونکە دەتوانم بڵێم لە 80%ی ئەو پرۆگرام و هاردویرانەی کە لە بازارەکانی کوردستاندا هەن کێشەیان نییە لەگەڵ ویندۆزی 32بت، بەڵام بەپێچەوانەوە زۆربەی زۆری ناساندنی هاردویرەکان و ئەو پرۆگرامانەی کە لێرە لەبەردەستن بۆ ویندۆزی64بت نەگونجاون. بە واتایەکیتر ئەگەر بۆ نمونە بمانەوێت پرۆگرامی فۆتۆشۆپ لەسەر کۆمپیوتەرەکەمان دابمەزرێنین ئەوا دەبێت فۆتۆشۆپێك پەیدا بکەین کەبۆ ویندۆزی64بت دروستکرابێت، کە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە.

لەکۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم ئێمەی بەکارهێنەر چۆن بزانین پرۆسیسەری کۆمپیوتەرەکەمان لە کام جۆرە؟

لە راستیدا بەچەند رێگایەك دەتوانرێت بزانێت پرۆسیسەری کۆمپیوتەرەکەت لەکام جۆرە، هەرچەند رێگاکان جیاوازن بەڵام هەموویان لە کۆتاییدا هەمان ئەنجام نیشان دەدەن، رێگاکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

رێگای یەکەمیان بەهۆی زانینی کۆمپانیای دروستکەری یاخود بەرهەمێنەی پرۆسیسەرەکەوە چونکە وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدا کۆمپانیای AMD بە زۆری تەنها پرۆسیسەری جۆری 64بت دروست دەکات، واتە ئەگەر پرۆسیسەری کۆمپیوتەرەکەت لەلایەن کۆمپانیای AMDـەوە دروستکراوە ئەوا بەدڵنیاییەوە پرۆسیسەری کۆمپیوتەرەکەت 64بتە، بەڵام کۆمپانیای Intelزۆربەی پرۆسیسەرەکانی لەجۆری 32بتە هەرچەند لەهەمان کاتیش 64بتیش دروست دەکات. بەڵام باشتر وایە دڵنیابت لەجۆری پرۆسیسەرەکەت بە ئەنجامدانی چەند هەنگاوێك. بەر لە ئەنجامدانی ئەم هەنگاوانە، دەمەوێت بزانن ئەم کردارە لەسەر ویندۆز7 ئەنجامدراوە، واتە لەویندۆزەکانی تر لەوانەیە هەنگاوەکان بەجۆرێکی تربێت.

بۆ ئەوەی بزانین پرۆسیسەرەکەمان لەکام جۆرە ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکە:

کلیکی لای راست لەسەر (Computer) پاشان کلیك لەسەر (Properties) بکەوە ویندۆی پرۆپێرتی دەکرێتەوە، لەبەشی خوارەوەی لای چەپ کلیك لەسەر (Performance Information and Tools) دەکەین وەك لە وێنەکە نیشاندراوە:



پاشان ویندۆیەکیتر دەکرێتەوە لەویش کلیك لەسەر (View and print detailed performance and system information) بکە:



ئەگەر بەرامبەر دەستەواژەی 64-bit capable نووسرابێت No واتە پرۆسیسەرەکەت جۆری 32بتە و سەپۆرتی ویندۆزی64بت ناکات بەڵام ئەگەر نووسرابێت Yes واتە ئەو پرۆسیسەرە جۆری64بتە و دەتوانرێت ویندۆزی 64بتی لەسەر دابمەزرێنیت وەك لە وێنەکەدا دیارە:



رێگای دووەم: بەهۆی ویندۆی رەن، سەرەتا کلیك لەسەر (Start) بکە و پاشان (Run)، دواتر لەناو رەن بنووسە msinfo32 پاشان ئۆکەی بکە:



ویندۆیەك دەکرێتەوە، ئەگەر بەرامبەر دەستەواژەی (System Type) نووسرابوو x86-based PC ئەوە مانای وایە پرۆسیسەرەکەت جۆری 32بتە بەڵام ئەگەر نووسرابوو x64-based PC ئەوە مانای وایە پرۆسیسەرەکەت جۆری 64بتە، وەك لەوێنەکەدا روونکراوەتەوە:



پلانــدانان بــۆ دامــەزرانــدن و دروستکـــردنـــی نێتـــۆرك

ئەنـدازیـار حـازم حەمەد جـاف

- بەشی ١٣ -

لەم بەشەو بەشەکانی داهاتوو هەوڵ دەدەین باس لە بابەتێکی گرینگی دیزاینی نێتۆرك بکەین، ئەویش سەبنێتینگە (Sub Netting) واتا بەشکردنی نێتۆرکەکان بۆ نێتۆرکی بچووکتر. بۆ ئـەوەی باسی سەبنێتینگ تێبگەین پێویستە ئەوە بزانین کە لە نێتۆرکدا چۆن ئامێرەکان کاردەکەن و هەڵسوکەوت لەگەڵ داتا دەکەن. بێ گومان ئامێرەکانی نێتۆرك وەك (کۆمپیوتەر، پرینتەر، مۆبایل، سێرڤەرەکان، ... هتد) هەموویان لە ناوەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ داتا دەکەن بەشێوەی ژمارەی دوانەیی (Binary). لەلایەکی ترەوە لە رووکاری دەرەوە بەشێوەی ژمارەی دەیی (Decimal) هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکـەن وەکـو ناونیشانی ئـای پییەکان هـەروەك لە بەشەکانی پێشووتر باسمان لێوە کـردووە. جا بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەو دوو جۆرە ژمارانەو چۆنیەتی گۆرینی یەکێکیان بۆ ئەوی ترو بەپێچەوانەوەش بزانبن ئەوا دەبێت شێوازی گۆرینیان بۆ یەکتر بزانین.

مرۆڤەکان بە ئاسانی لە ژمـارە دوانەییەکان تێناگەن بەتایبەتی ئەگەر ژمارەکە گەورەبێت، بۆیە پێویستە ئەو ژمارە دوانەییانەی کە ئامێرەکان حیساباتی خۆیانیان پێ دەکەن بگۆردرێن بە ژمارەی دەیی بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لێیان تێبگەن بە ئاسانی. لە (IPv4)دا ئای پییەکان کە هەر ئای پییەك لە یەك بایت پێکهاتووە پێی دەوترێت ئۆکتێت (Octet) بە ژمارەی دەیی لە (0) تا (255)ن.

گـۆڕینـی ژمارەی دوانەیـی بۆ ژمارەی دەیی:

بۆ ئەوەی فێرببین کە ژمارەی دوانەیی بگۆڕین بۆ ژمارەی دەیی پێویستمان بە زانینی چەند بنەمایەکی بیرکاری هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ژمارە دەییەکان بنچینەکەیان ژمارە (10) یەو، ژمارەی دوانەیی بنچینەکەیان ژمارە (2)ە، لەم نموونەی خوارەوە زیاتر ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە:

ئەگەر بمانەوێت ژمارە (245) شیبکەینەوە، دەبینین کە بەم شێوەیەیە:

$$245 = (2 * 10^2) + (4 * 10^1) + (5 * 10^0)$$

دەبینین کە ژمـارە (245) بۆ سێ بـەش شیکراوەتەوە، بەشەکانی سەدان و دەیان و یەکان، لە بەشی سەدان ژمارە (2) جارانی 10 توان 2 کراوە کە دەکاتە (200)، بەشی دەیان کە (4)ە جارانی 10 توان 1 کراوە کە دەکاتە (40) و، بەشی یەکان (5) جارانی 10 توان 1 کراوە کە دەکاتە (5).

لێرەدا بە روونی دیارە:

$$245 = (2 * 100) + (4 * 10) + (5 * 1)$$

وتمان کە لە ژمارە دوانەییەکان بنچینەکەی (2)ەو، هەر ئۆکتێتێکیش لە (IPv4) بریتیە لە 1 بایت و 1 بایتیش 8 بتە،

2^7	2^6	2^5	2^4	2^3	2^2	2^1	2^0
128	64	32	16	8	4	2	1

لە ژمارەی دوانەیی ئێمە تەنها دوو دیجیتمان هەیە ئەوانیش بریتین لە 0 و 1.

کاتێك ئێمە بمانەوێت ژمارەیەکی دوانەیی بە شێوەی ژمارەی دەیی دەرببرین ئەوا بەگوێرەی ئەم خشتەیەی سەرەوە، ئەگەر لە ژمارە دوانەییەکە (1)مان هەبوو ئەوا ژمارەکە حیسابی بۆ دەکرێت و وەکو خۆی دەنوسرێتەوە لە هاوکێشەکە، وە ئەگەر (0) بوو ئەوا لە هاوکێشەکە (0) دەنووسرێت و لەگەڵ ژمارەکانی تر کۆ دەکرێتەوە، ئەگەر ئەمە روون نییە با بەیەکەوە سەیری ئەم نموونەیە بکەین بۆ ئەوەی باشتر لێی تێبگەین:

بۆ نموونە ئەگەر ئەو ژمارە دوانەییەمان هەبوو (11110101) ئەوا بەم شێوەی خوارەوە دەری دەبرین:

128	64	32	16	8	4	2	1
1	1	1	1	0	1	0	1
128	64	32	16	0	4	0	1

کەواتە دەکاتە:

$$128+64+32+16+0+4+0+1= 245$$

کەواتە ژمارە (11110101) بە شێوەی دوانەیی دەکاتە (245) بە شێوەی دەیی. وەك لەو وێنەیەی ئەوبەردا زیاتر روون کراوەتەوە.

www.c4kurd.com



لەم وێنەیەی خوارەوەش پرسیارێك شیكراوە كە تیایدا ئای پییەك لە (IPv4) بە ژمارەی دوانەیی گۆڕدراوە بۆ ژمارەی دەیی.



گۆڕینی ژمارەی دوانەیی بۆ ژمارەی دەیی:

لەم نموونەی خوارەوە گۆڕینی ئای پییەكی (IPv4) بە شێوەی دەیی بۆ ژمارەی دوانەیی روون كراوەتەوە:

لەم رێگایەدا هەڵدەستین بە بەراورد كردنی یەكەم ژمارە لەگەڵ (128) ئەگەر یەكسان بوو (=) یاخود گەورەتر بوو ئەوا ژمارە (1)ی دوانەیی دەنووسین و ژمارەكە لە (128) دەردەكەین و ئەنجامەكەی لەگەڵ ژمارەی دواتر بەراورد دەكەین واتا (64) ئەگەر ژمارەكەش بچوكتر بوو (<) ئەوا (0) دەنووسین و ئەنجامەكە ئەوجارە لەگەڵ (32) بەراورد دەكەین و بەم شێوەیە.



بەرنامەیەك بۆ فرمانە شازەكانی ئینگلیزی

بەرنامەی Irregular Verbs Dictionary بەرنامەیەكی زۆر بچكۆلەیە و قەبارەكەی تەنها 356 كیلۆبایتە، بەرنامەكە تایبەتە بە كار و فرمانە ناقیاسییەكانی (واتە شازەكان) گرامەری زمانی ئینگلیزی Irregular Verbs و سوودی هەیە بۆ ئەوانەی ئارەزووی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەكەن. بەرنامەكە پۆرتەبڵە و بە دەبڵ كلیك یەكسەر دەكرێتەوە، دوای كردنەوەی بەرنامەكە لەسەرەوەدا لە خانەی بەتاڵی بەردەم Search ئەو فرمانەی زمانی ئینگلیزی دەنووسین كە بە فرمانە شازەكان ناسراون (دەبێت سپێلی فرمانەكە تەنها بە سمۆڵ بێت و بە كەپیتاڵ نایخوێنێتەوە)، كلیك لەسەر وشەی Search دەكەین بۆ ئەوەی بزانین دەمی فرمانەكە لە دۆخەكانی (Present-past-past participle) چییە، واتە دۆخەكانی (رانەبردوو-رابردوو-تەسریفی سێیەم)، بەمشێوەیە لە سێ خانەی ژێرەوەدا كە هەر بەناوی هەر سێ دۆخی فرمانەكە دەنووسرێت و لەژێر ئەوانیشدا مانا و واتای فرمانەكە بە زمانی عەرەبی دەنووسرێت (دەبێت لێرەدا ئاگاداری ئەوەبین كە ئەگەر لە بەشی زمانەكاندا زمانێكی عەرەبی دەست نیشان نەكرابێت ئەوا واتای فرمانەكە پیشان نادرێت و بەشێوەی چەند نیشانەیەكی پرسیار ؟؟؟؟؟ دەردەكەوێت)، هەروەها بۆ سڕینەوەی فرمانەكە و نووسینی فرمانێكی تر لە خانەكەدا لە تەنیشت خانەی Search دا كلیك لەسەر Clear دەكەین، بۆ نموونە فرمانێكی وەكو go لە خانەی search دەنووسین لە خوارەوەدا فرمانەكانی go-went-gone بەدیاردەكەوێت لەگەڵ مانای وشەكە بە عەرەبی، وەكو وێنەی خوارەوە:

تێبینی: پڕۆگرامەكە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Irregular) هەیە.



بیڵ گەیتس

بەرهەمە سەركەوتووەكانی مایكرۆسۆفت



ئا: محەممەد مێرگەیی mergeyi@c4kurd.com بەشی سێیەم و كۆتایی

لەماوەی سی ساڵدا كۆمپانیای مایكرۆسۆفت زۆرێك پرۆگرامی داهێنەرانەی دەركرد، كە لە سەرتاپای جیهاندا بڵاوبوونەوە، لەوانەش پرۆگرامەكانی ئۆفیس Microsoft Office كە بۆیەكەمجار لە ساڵی 1989 دەرچوو و كۆمەڵێك بەرنامەی جێبەجێكاری بەناوبانگ لەخۆی دەگرێت وەكو: پرۆگرامەكانی Word و Excel و Powerpoint و هی تر، هەروەها لە هەوڵی مایكرۆسۆفت بۆ بەشداریكردن لە شۆڕشی ئینتەرنێتدا، ساڵی 1995 پرۆگرامی براوسەری بەناوبانگی Internet Explorer ی دەركرد، كە تا ئێستاش لەلایەن رێژەیەكی زۆری بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت لەجیهاندا بەكاردەهێنرێت.

مایكرۆسۆفت ئینسكلۆپیدیای ئەلیكترۆنی (ئینكارتا)شی لە ساڵی 1993 دەركرد (Microsoft Encarta)، كە بە 7 زمانی جیهانییە و چەند سەد هەزار وتار لەخۆی دەگرێت لەگەڵ زۆرێك وێنەی دوو دووری و سێ دووری و گرتەی ڤیدیۆیی و ....تد. ئەم ئینسكلۆپیدیایە ئاستێكی بەرزی دیقەە و بێلایەنی تێدایە. هەروەك كۆمپانیای مایكرۆسۆفت بەشداری كرد لە بەرهەمهێنانی زۆر پرۆگرامی بەناوبانگ یان بە پێشخستن و زیادكردن لەسەر هەندێك پرۆگرامی وەك:
Microsoft Visual C++، Microsoft Visual Basic، Microsoft FoxPro، Microsoft Visual InterDev، Microsoft Visual J++، Microsoft Delta، Microsoft QuickBasic.

جارێكی تر لە دادگادا ...

لە 18ی مانگی ئایاری 1998 وەزارەتی دادی ئەمریكی و 20 ویلایەتی ئەمریكا، داوایەكی مەدەنیان لە دژی كۆمپانیای مایكرۆسۆفت بەرزكردەوە، كە تێیدا بە قۆرخكردنی بازاڕی پرۆگرامەكان لە دانانی براوسەری Internet Explorer لەگەڵ سیستەمی ئیشپێكردنی ویندۆز تۆمەتباریان كردبوو. پاش ئەوەی مایكرۆسۆفت براوسەری ئینتەرنێتی Internet Explorer ی دەركرد، خستییەپاڵ سیستەمی ویندۆز تاكو هەردوو پرۆگرامەكە لە یەك پەیكەدا بەیەكەوە بفرۆشرێن. دادگا ئەم كارەی مایكرۆسۆفتی بە كارێكی (نادادوەرانە) دانا لە كێبڕكێی نێوان براوسەرەكانی ئینتەرنێتی جۆراوجۆری وەكو Navigator و Netscape و Opera كە ئەوانە دەبووایە بە جیا لە سیستەمی ئیشپێكردن بكڕدرێن. واتە بەكارهێنەر براوسەرێكی بەخۆڕایی لە مایكرۆسۆفت بەدەستدەكەوت، بەمەش بەكارهێنەر كڕینی سیستەمی ویندۆزی بەلاوە باشتربوو، كە براوسەری ئینتەرنێتیشی لەخۆی دەگرت.

مایكرۆسۆفت بەوە وەڵامی دادگای دایەوە كە ئەم پرۆسەیە بەرهەمی داهێنان و كێبڕكێی ئازادە و سیستەمی ئیشپێكردن و براوسەرەكە وەكو یەكەیەكی یەكگرتوو وان، چونكە براوسەری Internet Explorer بریتییە لە زیادكراوێكی سیستەمی ئیشپێكردن (Feature) نەك بەرهەمێكی بەجیا (product)، بەكارهێنەریش دەتوانێت براوسەرەكە بەخۆڕایی بەدەست بهێنێت. بەمەش خزمەتێك بە كڕیار دەكات. دادگاش بەوە وەڵامیدایەوە كە براوسەری Explorer بەرهەمێكی جیایە لە سیستەمی ئیشپێكردن و پێویست بە بەیەكەوەبەستنیان ناكات، بەڵگەش لەسەر ئەمە هەبوونی ڤێرژنێكی جیاوازیەتی كە بە تەنیا دەفرۆشرێت بۆ بەكارهێنەرانی سیستەمی ئیشپێكردنی ماكنتۆش (Mac.os)، هەروەك براوسەرەكە بەشێوەیەكی كردەیی بەخۆڕایی نییە، چونكە تێچووی بەرهەمهێنانەكەی و بازاڕسازییەكەی سەرباری تێچووی سیستەمی ئیشپێكردنی ویندۆز كراوە، كە ئەمەش وای لە نرخەكەی كردووە بەرز ببێتەوە. دوای كۆمەڵێك لێكۆڵینەوە و دانیشتن، دادگا لە 3ی نیسانی

www.c4kurd.com

2000 بڕیارێکی دەرکرد تێیدا هاتووە کە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کۆمپانیایەکی قۆرخکارە و بەم کارەی یاساکانی پاراستنی بەکاربەر لە دژی فێڵ و تەڵەکەبازی پێشێلکردووە، بۆیە پێویستە مایکرۆسۆفت ببێتە دوو بەشی لەیەکتر جیاواز: یەکێکیان بۆ بەرهەمهێنانی سیستەمی ئیشپێکردنی ویندۆز و ئەوەی تریان بۆ بەرهەمهێنانی ڤێرژنگەلی پرۆگرامی تری مایکرۆسۆفت. کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بە بڕیارەکەی دادگا ڕازی نەبوو و دادوەری بە لایەنگیری و نابابەتییانە تۆمەتبارکرد، هەروەها بەوەی کە بڕیارەکەی کۆت دەخاتە بەردەم ئازادیی کێبڕکێکردن و داهێنان، بۆیە داوای دووبارە پێداچوونەوەی کێشەکەی کرد.

لە 2ی تشرینی دووەمی 2001 دا مایکرۆسۆفت لەگەڵ وەزارەتی دادی ئەمریکی گەیشتە ڕێکەوتنێك کە تێیدا دادگا لەسەر بڕیارەکەی بۆ دابەشکردنی مایکرۆسۆفت پاشگەزبوویەوە و لە بەرامبەر ئەمەشدا مایکرۆسۆفت ڕەگەزەکانی هەندێك لە پرۆگرامەکانی (Source Code) بۆ کۆمپانیای تر ئاشکرابکات وەك دەرفەتێك لە پێشبڕکێی بەرهەمهێنانی پرۆگرامەکان و نەهێشتنی قۆرخکردن.

لەسەر مایکرۆسۆفت پێویست بوو ڕێگە بە دەستەی راوێژکاران بدات (دەستەکە لە 3 کەس پێکهاتبوو و لەلایەن دادگاکەش دەستنیشان کرابوو) کە بەدواداچوون لەسەر سیستەمەکانی مایکرۆسۆفت و تۆمار و پرۆگرامەکانی بکەن، بۆ ڕێگری کردن لە هەر هەوڵێکی قۆرخکاریی لە داوڕۆژدا. مایکرۆسۆفت دەبێت لەڕۆژی واژووکردنی ڕێکەوتنەکە پابەندبێت بەم مەرجانە و بۆ ماوەی 5 ساڵ.

بیڵ لەسەر ئاستی کەسیی

ساڵی 1994 بیڵ گەیتس ژیانی هاوسەری لەگەڵ مالیندا فرینش پێکهێناوە و سێ منداڵیان هەیە: جینیفر کاسرین 1996، روری جون 1999، فیبی ئەدیل 2002. لە ساڵی 1995 وە تاکو 2009 (جگە لە 1997) بیڵ نازناوی (دەوڵەمەندترین کەس لە جیهاندا)ی هەڵگرتووە و سامانەکەی لە ساڵی 1999 دا بە 100 ملیار دۆلاری ئەمریکی خەمڵێنراوە. ساڵی 2000 بیڵ و هاوسەرەکەی (مالیندا) دامەزراوەیەکی تایبەت بە کاری خێرخوازییان دامەزراند بەناوی (Bill & Melinda Gates Foundation) ئەم دامەزراوە یارمەتی و پاڵپشتی ماددی زۆری بەخشییوە لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ئایدز و نەخۆشییە بڵاوبووەکانی جیهانی سێیەم. هەروەك دامەزراوەکە یارمەتی

قوتابیانی داوە بەشێوەی (مینحە)ی خوێندن، بۆ نموونە ساڵی 2000 نزیکەی 210 ملیۆن دۆلار ئەمریکی دراوە بە زانکۆی کامبریدج و 1 ملیار دۆلار ئەمریکی دراوە بە یەکێتیێك کە پارە دەداتە قوتابیانی زانکۆ ئەمریکییەکان کە لە بنچینەدا ئەفریقین. یارمەتییەکانی دامەزراوەکە لە سەرەتای دامەزرانییەوە بە 29 ملیار دۆلاری ئەمریکی دەخەمڵێنرێت. ئەم دامەزراوە چەندین خەڵاتی جیهانیی بەدەستهێناوە، ئەمەش وەك پێزانینێك بۆ کۆششەکانی لەبواری تەندروستی و فێربوندا، تەنانەت بیڵ گەیتس نیازی خۆی پیشانداوە لە جێهێشتنی پۆستەکەی وەك سەرۆکی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و کارکردن لە دامەزراوەکەدا. بیڵ بایەخی داوە بە باشترکردنی بواری فێربوون لە قوتابخانە حکومیە ئەمریکییەکاندا و لە چەندین بۆنە و بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەناوبانگ بۆ نموونە (بەرنامەی ئۆپرا وینفری)

دیارکەوتووە وەك هەوڵێك بۆ تیشك خستنەسەر گرفتی دابەزینی ئاستی خوێندنی ئەکادیمی لای قوتابیانی قوتابخانە حکومییەکان و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی.

بیڵ 4 بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەدەستهێناوە، یەکەمیان لە زانکۆی Nyenrode Business لە هۆڵندا 2000، دووەمیان لە پەیمانگەی شانشینی بۆ تەکنەلۆژیا Royal Institute of Technology لە سوید 2002، سێیەمیان لە زانکۆی واسیدا Waseda University لە ژاپۆن 2005، چوارەمیان لە زانکۆی هارفارد Harvard University لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا 2007. هەروەها لە ساڵی 2005 نازناوی شاسوار Knighthoodی لەلایەن شاژنی بەریتانیا (ئیلیزابیسی دووەم) پێدراوە. لە ساڵی 2007 و پاش تێپەڕبوونی 30 ساڵ لەسەر جێهێشتنی کورسییەکانی خوێندن، بڕوانامەی (ماف)ی لە زانکۆی هارفارد بەدەستهێنا، لەو وتارەی کە بیڵ لەبەردەم دەرچوواندا لە ئاهەنگی دەرچوون پێشکەشی کرد بە گاڵتەیەکەوە گوتی: (دواجار دەتوانم پلەیەکی زانکۆیی بخەمە ناو ژیاننامەکەمەوە)، هەروەها قسەکانی ئاراستەی باوکی کرد و گوتی: (باوکە.. پێمگوتی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر دەگەڕێمەوە خوێندن و بڕوانامەی زانکۆ بەدەست دەهێنم!!).

www.c4kurd.com

چۆن مۆبایلەکەت بەکاردەهێنێت؟

تەکنەلۆژیای تازە کۆمەڵێك ئامێری بۆ فەراهەم کردووین کە ئامانجی سەرەکی تێیاندا خزمەتکردن و کارئاسانی و خۆشگوزەرانی مرۆڤەکانە، بەڵام خراپ بەکارهێنان و نەشارەزایی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە ئامانجەکان پێچەوانە دەکاتەوە. یەکێك لەو تەکنەلۆژیا گرینگ و بەبایەخانە ئامێری مۆبایلە.

دروست بەکارنەهێنانی ئەم ئامێرە دەبێتە هۆی توڕەبوون و بێزاری مرۆڤەکان، بۆیە پێویستە لەکاتی بەکارهێنانی ڕەچاوی ئاکار و ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی بکەین، لەبەرچاوگرتنی ئەم ئاداب و نەریتانە پێویستی بە ماندووبونێکی زۆر نییە بەڵکو تەنها پێویستی بە سەلیقەو زەوقی جوانی کەسەکەوە هەیە. لە خوارەوە هەندێك لەو ڕێنماییانە دەخەینە بەرچاو..

- پێویستە ئەو تۆن و نەغمەی لەسەر مۆبایلەکەت دای دەنێیت گونجاو بێت بۆ گشت شوێنەکان و لەکاتی لێدانی نەغمەکە هەست بە ئیحراجی نەکەیت.
- پلەی دەنگی تۆنەکە پێویستە ئەوەندە بەرز نەبێت و کەسانی دەوروبەرتی پێ هەراسان بکەیت، و لەکاتی کۆڕو کۆبوونەوەکان وا باشە بیخەتە سەر هەزاز و کەسەکان بێزار نەکەیت.
- پێویستە لەکاتی قسەکردن بە مۆبایل دەنگ بەرز نەکەیتەوەو هەستی کەسانی دەوروبەرت ڕەچاوبکەیت و بێزاریان نەکەیت، چونکە لەوانەیە کەسانێك لەو شوێنەبن نەخۆش و بێ تاقەت بن یاخود خەریکی خوێندنەوە بن یان حەز بە بێ دەنگی ئەو شوێنە بکەن.
- پێویستە ئەو قسانەی کە دەیکەیت قسەی ئاسایی بن و باس لە شتێك نەکەیت کە لەوانەیە نێهنی کەسایەتی خۆت یاخود کەسانی تر بن.
- هەندێك شوێن هەن کە جوان نییە مۆبایل تێیاندا بەکاربهێنرێت، وەکو مزگەوتەکان و کتێبخانەو نەخۆشخانەو پێشانگا هونەرییەکان.
- لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەپێشتر بە گرنگی دان پێی لە ئامێرەکان، بۆیە پێویستە لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکان هەول بدە مۆبایلەکەت بخەیتە هەزاز یاخود ئەگەر بکرێت بیکوژێنیەتەوە باشترە، و ئەگەر زەنگێکی گرنگت بۆ هات ئەوا پێویستە مۆڵەت لە ئامادەبوان وەربگریت و بچیتە شوێنێکی لاوەکی بۆ وەڵام دانەوە یاخود پەیوەندی کردن.
- لەکاتێك کە قسە لەگەڵ کەسێك دەکەیت و لەوکاتە زەنگی مۆبایلەکەت لێی دا ئەوا پێویستە مۆڵەت لە بەرامبەرکەت وەربگریت بۆ وەڵام دانەوەی مۆبایلەکەت.
- هەوڵ بدە کاتێك لەگەڵ هاوەڵەکەتی یاخود لە شوێن و بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی کورتە نامەکان مەخوێنەو یاخود کورتە نامە مەنێرە تەنها ئەگەر زۆر گرنگ بوو.
- پێویستە لەکاتی موعامەلەکردن لە سوپەرمارکێتێك، بانکێك پەیوەندی نەکەین، چونکە پێویستە ڕێز لەبەرامبەرەکەمان بگرین کە ئەو لە هەوڵی پێشکەش کردنی خزمەتە پێمان.
- پێویستە لە بەنزینخانەکان مۆبایل بەکارنەهێنین چونکە بە بەڵگەی زانستی سەلمێنراوە کە مۆبایل لەکاتی بەکارهێنانی گەرمی دەردەکات و لەوانەیە ببێتە هۆی ڕووداوی کارەسات.
- کاتێك دەتەوێت پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەیت نوکە زەنگی بۆ مەنێرە تاکو ئەو پەیوەندیت پێوە بکات، چونکە واجوانە تۆ پەیوەندی پێوە بکەیت هەتا ئەگەر پەیوەندیەکە بۆ کاری کەسی بەرامبەریش بێت.
- هەوڵ بدە کورتە نامە بەکارنەهێنیت بۆ شتێك کە پێوستی بە ڕوون کردنەوە هەیە، وەکو ڕەتکردنەوەی مەوعیدێك، چونکە بێ گومان پەیوەندی کردن باشترە لە ناردنی کورتەنامە چونکە دەتوانیت جوانترو باشتر داوای لێبوردنەکەت ڕوون بکەیتەوە.
- کاتێك سەیری مۆبایلەکەت دەکەیت و دەبینیت پەیوەندیت بۆ هاتووە ئاگات لێی نەبووە، وا جوانە کە پەیوەندی پێ بکەیتەوە بەتایبەتی ئەگەر ژمارەکەی ئاشنابوو لات و دەتناسی.
- پێویستە هەردەم ڕەچاوی کات و ساتی پەیوەندی کردن بکەیت، و لەکاتی گونجاو پەیوەندی بکەیت.
- کاتێك کە کەسی بەرامبەرت وەڵامی پەیوەندیەکەت ناداتەوە، پێویستە چەند خولەکێك چاوەڕوان بیت بکەیت بۆ ئەوەی جارێکی تر پەیوەندی پێ بکەیتەوە، چونکە لەوانەیە شوێنەکەی گونجاو نەبێت بۆ وەڵامدانەوە.
- وا جوانە کورتەنامە و تەنها پەیوەندییەك شوێنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و سەردانی بۆنەکان وەکو جەژن و پرسەو نەخۆشی ... نەگرێتەوە.

(کاسپەرسکای پیور)
نوێترین بەرهەمی کاسپەرسکای

ئا: سیروان جەوهەر serwan@me.com

کۆمپانیای کاسپەرسکای نوێترین بەرهەمی خۆی بەشێوەیەکی ئاشکرا رایگەیاند بەناوی
KASPERSKY PURE
کاسپەرسکای پیور دواترین بەرهەمی کاسپەرسکای لابە کە لەیەك کاتدا چەند خزمەتگوزاریەکی تیایە کە پێشتر هەمان کۆمپانیا بە جیاجیا بڵاوی کردبۆوە وەك:

Kaspersky internet security
Kaspersky password manger

بەم بەرهەمە نوێیە کۆمپانیای ناوبراو چەندپلەیەك هاتە پێش بەرنامە پارێزگاریەکان، و چاوەڕوانیش دەکرێت لەماوەیکی نزیکدا زۆرترین ژمارەی لێ بفرۆشرێت.

کاسەپرسکای پیورچی دەکات؟
گرنگترین کارەکانی پاراستنی کۆمپیوتەرەکەتە لە هاکەران و و هەروەها گەر تۆ کۆمەڵە ئەکاونتێکت هەبێ و پاسوۆردەکانی جۆراوجۆرو ئاڵۆز بن ئەوا کاسپەرسکای پیور لە خزمەت گوزاری پاسۆرد مانجەر هەموو ئەکاونتەکانت بە جیا کۆدەکاتەوە لەگەڵ لینکی ساین ئین. و بە دانانی ووشەی نهێنی بۆ پاسوۆرد مانیجەر کەسی تر و هاکەرکان توانای بینینان نابێ.

Virtual keyboard
بریتیە لە کیبۆردی نهێنی کە بەم رێگایە دەتوانی پاسوۆردی مەیلەکانت یا کرێدت کارتەکەت بنووسی بەبێ دوودلی چونکە هاکەرەکان تەنانە کیلۆجەریش نازانێ چیت نووسیوە.

لە وەشانە خزمەتگوزاری باك ئەپ و چاودێری تیایە کە خزمەتگوزاری چاودێری بۆ دایك و باوکانە و دەتوانن ئەو ماڵپەرانە بلۆك کەن کە زیانبەخشە بۆ منداڵەکانیان و هەروەها کوژاندنەوەی کۆمپیوتر لە ماوەیەکی دیاریکراو.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (pure) هەیە.

کاتێك بۆ کڕینی تەماتەو خەیار پێویستمان بە گووگڵ دەبێت!

بەرنامەی (Shape Collage)
بۆ ڕێکخستنی وێنەکانت بە جوانترین شێوە

گەیلان مەهدی کازم gayllan@ymail.com

زۆرجار حەز دەکەین وێنەکانمان بەشێوەیەکی جوان لە یەك شێوەدا ڕێکی بکەین و ڕیزی بکەین، منیش ئەم بەرنامەیەتانم بۆ ئامادە کردووە کە ئەم کارە دەکات، ئەمە ڕووکارەکەیەتی.



سەرەتا بەرنامەکە سێتئەپ دەکەین، سەیری ئەم هەنگاوانە بکە:







لەم وێنەیەی سەرەوە (Next) دەکەین، پاش کۆپی کردنی فایلەکان (Finish) دەکەین و ڕووکاری بەرنامەکەمان بۆ دەکرێتەوە.

ئەگەر سەیری ڕووکاری ژمارە (1) بکەین دەبینین لە چوار بەش پێك دێت:

1. شریتی مینۆبار.
2. وێنەکان (Photos).
3. بار یان حالەت (Status).
4. شێوە و قەبارە.

١. شریتی مینۆبار:

لیستی فایل (File):

- (Add Photo)/ بۆ سەلێکت کردنی وێنەکان و هێنانی بۆ ناو بەرنامە.
- (Add Folder)/ بۆ سەلێکت کردنی فۆڵدەری وێنە و هێنانی بۆ ناو بەرنامە.
- (Add Photos from web)/ بۆ سەلێکت کردنی وێنە لە ئینتەرنێت و هێنانی بۆ ناو بەرنامە.
- (Create Collage)/ بۆ پاشەکەوت کردنی ئەو شێوەیەی دروستت کردووە.
- (Save Collage As)/ بۆ پاشەکەوت کردنی ئەو شێوەیە دروستت کردووە لە شوێنێك.



لیستی پرۆجێکت (Project):

- (New Project)/ بۆ کردنەوەی پرۆژەیەکی نوێ.
- (Open Project)/ کردنەوەی پرۆژەیەك کە پێشتر پاشەکەوت کراوە.
- (Save Project)/ بۆ پاشەکەوت

www.c4kurd.com

کردنی پرۆژەکە.



لیستی ئۆپشن (Options):

- (Language)/ لێرەدا دەتوانیت زمانێك بۆ بەرنامەکە هەڵبژێریت.



2. وێنەکان (Photos).

لێرەدا دەتوانیت وێنەکانت بهێنیتە ناو بەرنامە جا چ لە ڕێگای (File --- Add Photos) یان لە ڕێگای ئەو هێمای کۆ (+) کە لە خوارەوەی بەشی وێنەکانە، هەروەها هێمای کەم (-) بۆ ڕەشکردنەوەی وێنەی دیاری کراوە، ئەگەر بتەوێت هەموو وێنەکان ڕەش بکەیتەوە ئەوا کلیك لەسەر (Clear List) بکە.

3. بار یان حالەتە (Status).

لەم بەشەدا ئەو شێوەیەی بۆ وێنەکانت هەڵبژاردووە پیشانت دەدات، ئەویش بە کلیك کردن لەسەر (Preview)، وەهەروەها دەتوانیت وێنەکەت پاشەکەوت ئەویش بە کلیك کردن لەسەر (Create)، لە خوارەوەش لە (Watch layout animation) ئەگەر نیشانەی ڕاست لە چوارگۆشە بچووکەکە هەبوو ئەوا پیشاندانی وێنەکە بە جووڵە دەبێت و ئەگەر نەبوو پیشاندانی وێنەکە بەبێ جووڵە دەبێت.



4. شێوە و قەبارە (Shape and Size)/

- (Shape): شێوە
- (Rectangle)/ وێنەکان تێکەڵی یەك دەکات لە شێوەی چوارگۆشە - لاکێشە).
- (Heart)/ وێنەکان تێکەڵی یەك دەکات لە شێوەی دڵ.
- (Circle)/ وێنەکان تێکەڵی یەك دەکات لە شێوەی بازنە.
- (Text)/ لێرەدا بە نووسینی تێکستێك یان ژمارەیەك، وێنەکان تێکەڵ دەکات بە شێوەی ئەو نووسینە یان ئەو ژمارەیە.
- (More)/ لێرەدا دەتوانیت شێوەیەك هەڵبژێری و وێنەکانت تێکەڵ دەکات.
- (Size): قەبارە
- (Collage size)/ قەبارەی وێنەکان بەگشتی بەگوێرەی درێژی یان بەرزی (High) و پانی (Width) دیاری دەکات.
- (Photo size)/ دیاری کردنی قەبارەی وێنە بە شێوەی (Pixels) و (inches) و (cm).
- (Photos #)/
- (Photo spacing)/ لێرەدا دەتوانیت سپەیس (Space) زیاد یان کەم بکەیت لە نێوان وێنەکان.



- (Restore to Default)/ لێرەدا دەتوانیت دەستکارییەکانت وەکو خۆی لێبکەیتەوە.

شێوە (Appearance)/

(Background):

- (ڕەنگ)/ لێرەدا دەتوانیت ڕەنگ بۆ باکگراوەندەکە هەڵبژێری.
- (Transparent)/ لێرەدا دەتوانیت باکگراوەندەکە بە شەفافی بهێڵیتەوە بەبێ ڕەنگ و بەبێ وێنە.
- (Photo)/ لێرەدا دەتوانیت وێنە بۆ باکگراوەندەکە هەڵبژێری.

چوارچێوە (Border):

- (Colour) / هەڵبژاردنی ڕەنگ بۆ چوارچێوەی وێنەکە.
- (Size) / زیاد یان کەم کردنی قەبارەی چوارچێوەکە.



(Advanced) /

- (Randomness) / لێرەدا لاری و خواروو و خێچی وێنەکان کەم و زیاد دەکرێت.
- (Shadow) سێبەر / لەم بەشەدا دەتوانیت سێبەر بۆ وێنەکان دابنێیت.



تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Shape) هەیە.
* لەناو هەمان فۆڵدەر بەرنامەی (Java)ی تێدایە کە پێویستە ئینستۆڵی بکەیت.

بە تەنها دوو کلیك وێنەی سەر دێسکتۆپەکەت بگۆڕە

دانانی وێنەی جۆراو جۆر لەسەر دیسکتۆپی کۆمپیوتەر یەکێکە لە حەزەکانی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر. زۆرجاریش لێکۆڵەرەوەکان کەسێتی کەسەکە بە پێی وێنەی دانراوی سەر کۆمپیوتەرەکەی هەڵدەسەنگێنن. هەر بۆیە زۆرجار وێنەکان ڕەنگدانەوەی کەسایەتی و حەزەکانمانە.

بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر لە ئینتەرنێت بگەڕێین بەرنامەیەکی زۆر دەبینین کە تایبەتە بە گۆڕینی وێنەکانی سەر دیسکتۆپی کۆمپیوتەرەکەمان.

بەڵام بەرنامەی Fun Desktop Wallpaper Changer جیاوازیەکی زۆری هەیە لەو بەرنامانەی کە دەیبینین.

یەکێك لە جیاوازیەکانی ئەوەیە کە بەرنامەیەکی زۆر قەبارە بچوکە. قەبارەکەی تەنها 80 کیلۆبایتە.

هەروەها دانانی وێنەکانی خۆت تێیدا یەکێکە لە سیفەتە باشەکانی.

بۆ نمونە دەتوانی فۆڵدەرێك دابنێیت و هەموو ئەو وێنانەی کە دەتەوێت لەوێدا کۆپی بیکەیت و تەنها ئەو وێنانەت بۆ پیشان بدات.



یەکێکی تر لە سیفەتە جیاکەرەوەکانی ئەوەیە کە ئەم بەرنامەیە ئایکۆنێك لەسەر دیسکتۆپەکەت دروست دەکات و بە تەنها دەبڵ کلیك لەسەری ئەوا وێنەکەت بۆ دەگۆڕێت.

سەرەتا بەرنامەکە سێت ئەپ بکەو دوای سێت ئەپ بەرنامەکە بکەرەوە ئەم ڕووکارەت بۆ دەردەچێت:



لەو شوێنەی دەستە نیشانکراوە کلیك بکەو ئەو فۆڵدەرەی کە وێنەکانتی تێدا دانراوە دەستنیشان بکەو دوای ئەوە کلیك لەسەر OK بکە.

بەم شێوەیە وێنەکەت لەسەر دیسکتۆپەکە بۆ پیشان دەدات. وێنەکان بۆ خۆیان هەر بۆ ماوەیەك دەگۆڕێت و هەروەها لەو ئایکۆنەی بەرنامەکەش دەبڵ کلیك بکەیت بە هەمان شێوە وێنەکەت بۆ دەگۆڕێت.

ئەگەریش بتەوێت فۆڵدەرەکە بگۆڕیت ئەوا لەسەر لیستی پرۆگرامەکانت لەسەر Start دەتوانیت کلیك لەسەر Configurator بکەیت و هەمان ڕووکاری پێشوت بۆ دەردەکەوێتەوە دەتوانیت فۆڵدەرێکی تری وێنە دەستنیشان بکەیت.

بەم شێوەیە بێ ئەوەی کۆمپیوتەرەکەت قورس بکەیت بە بەرنامەی تر، ئەم بەرنامەیە کارەکەت بۆ ئاسان دەکات و هەمیشە بە وێنەی جوان دیسکتۆپەکەت دەرازێنیتەوە.

دەشتوانین بڵێین ئەم بەرنامەیە بە خۆراییەو زۆر بە ئاسانی دەتوانی سێت ئەپی بکەیت بێ ئەوەی داوای کرینت لێ بکات.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Fun desktop) هەیە.

بەرنامەی Fortop Album Creator
بۆ دروست کردنی ئەلبومی وێنە

ئا: هۆمان فەرهاد محەمەد homan1993@gmail.com



بەرنامەی Fortop Album Creator v1.7 بەرنامەیەکی زۆر نایابە بۆ دروست کردنی ئەلبوم بۆ وێنەکانت. سەرەتا دوای دابەزاندن لەناو سیدی تایبەت بە گۆڤار، کلیك لەسەر ئایۆنی بەرنامەکە بکە دوای کردنەوە ئەم ڕوکارەی سەرەوە دێتە بەردەمت، لەبەشی Template selection دانەیەك بە ئارەزووی خۆت هەڵبژێرە و کلیکی لەسەربکە پاشان کلیك لەسەر Generate بکە.



پاشان کلیك لەسەر Add بکە بۆ هێنانی وێنە:



دوای ئەوەی وێنەکانت هێنا کلیك لەسەر یەکێك لە وێنەکان بکە دەتوانی تایتلی لەسەر بنووسی و دەتوانی لەبەشەکانی تر دەنگ و چەندین ڕێکخستنی تێدا بکەیت، دوای ڕێکخستنی تەواو دووبارە کلیك لەسەر Generate بکە پەنجەرەیەك دێتە بەردەمت بۆ ئەوەی کارەکەت save بکەیت و دەتوانی ئەلبومەکەت بە پاشگری exe زەخیرە بکەی بە کلیك کردن لەسەر Pack SWF file into EXE file پاشان کلیك لەسەر Generate now بکە .



تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆلدەری (Fortop) هەیە.

iPad لە دوو رۆژی یەکەمیدا 450 هەزار دانەی لێ دەفرۆشرێت

ستیڤ جوبس سەرۆکی تەنفیزی کۆمپانیای ئەپڵ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی رایگەیاند، کە هەر لە دوو رۆژی یەکەمی فرۆشتنی ئای پاد نزیکەی 450 هەزار دانەی لێ فرۆشراوە.

هەروەها ئەوشی وت کە 3500 پرۆگرامی ئای پاد ئامادەی بۆ فرۆشتن لە بازاڕەکان لە کۆی 185000 پرۆگرام. وتیشی کە زۆرترین فرۆشتنەکانیشیان لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە بەردەوام بە خێراییەکی زۆر هەلساون بە گەیاندنی ئامێرەکانی ئای پاد بە کۆگاکانیان لە دەرەوەی وڵات، و فرۆشتنیان بە کڕیارە تامەزرۆکانی ئای پاد.

جێی ئاماژە پێکردنە لە کاژێر 9 ی ئێواری لە رۆژی 3 ی نیسانی 2010 لە ژێر ئاپۆرەی خەڵك و تامەزرۆیانی ئای پاد لە نیویۆك لە (ئەپڵ ستۆر)ی کۆگای ئەپڵ دەست کرا بە فرۆشتنی ئای پاد.

شایانی باسە کۆمپانیای ئەپل تا ئێستا نزیکەی 50 ملیۆن لە مۆبایلی iPhone و 35 ملیۆن لە ئامێری iPod ی فرۆشتووە.

زیاتر لەنیوەی منداڵانی بەریتانیا مۆبایلیان هەیە

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ کە رۆژنامەی (صن)ی بەریتانی راپگەیاندووە، زیاتر لە ٪٦٣ ی منداڵانی بەریتانی خوار تەمەن دە ساڵی مۆبایل-یان هەیە و بەپێی دیراسەکە ئەو منداڵانە خاوەنی باشترین جۆری ئامێری مۆبایلن و ئەمەش بەهۆی داواکاری زۆر و بەردەوامیان لە دایك و باوکیان بۆ کڕینی، هەروەك زیاتر لە نیوەی باوکەکان دانیان بەوەدا ناوە کە ئەوان ئامێری مۆبایلیان بۆ منداڵەکانیان کڕیوە بەهۆی داواکاریی و پێداگیری بەردەوامی منداڵەکانیان، بەڵام ٪٢٥ی باوکەکان دەڵێن کەوا لەبەر هۆکاری پارێزگاری و سەلامەتی منداڵەکانیان ئەم کارەیان کردووە.

دیراسەکە ئاماژە بەوە دەدات ٪٧٦ی ئەو باوکانەی کە رازی نین مۆبایل بۆ منداڵەکانیان بکڕن، لەبەرئەوەی پێیانوایە کە پێویست نییە، کەچی ٪٧ی ئەو باوکانە هۆی رازی نەبوونەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ هۆی تەندروستی.

جگە لە مۆبایل دیراسەکە ئاماژەی بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەری لاپتۆپ و یاری کۆمپیوتەریش داوە لەلایەن منداڵانی بەریتانییەوە، هەروەك تێیدا هاتووە کە ٪٧٧ی منداڵانی بەریتانیا لەخوار تەمەنی دە ساڵییەوە لاپتۆپیان هەیە و ٪٦٢ ش یارییەکانی کۆمپیوتەر و ٪٤٦ ش mp3 یان هەیە.

www.c4kurd.com

ئینتەرنێتی بێ تەل لە پاڕکەکانی دوبەی بە خۆڕاییە

شارەوانی شاری دوبەی هەڵساوە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی بێ تەل بە خۆڕایی لەناو پارکی (زعبیل)، کە وا بڕیارە ئەم پارکە بەم زووانە بەرووی هاوڵاتیانەوە واڵا بکرێت.

لەم بارەوە ئەحمەد عەبدولکەریم بەڕێوەبەری ئیدارەی پارکە گشتیەکان و کشتوکاڵ لە شارەوانی دوبەی رایگەیاند، کە ئەم خزمەتگوزارییە بە هەنگاوێکی نەوعی دادەنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان کە لە پارکە گشتیەکان پێشکەشی هاووڵاتیان دەکات.

ئەم هەنگاوەش لە چوارچێوەی ئەو ئەو پێشکەوتنە گەورەیە دێت کە وڵاتی ئیمارات بەخۆیەوە دەیبینێت.

شایانی وتنە ئەم پارکە بڕی ٢٠٠ ملیۆن درهەمی ئیماراتی تێچووە لەسەر رووبەری ٤٦ هێکتار زەوی دروست کراوە و بە دیزاینێکی زۆر مۆدێرن و پێشکەوتوو دروست کراوەو سینەمایەکی سێ دووری تێدایەو تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی تێدا بەکارهاتووە.

جێی باسە دوبەی بە یەکێک لەشارە کەمەکان دادەنرێت لە جیهاندا کە لە زۆرێك لە شوێنە گشتیەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی بێتەلی خۆڕایی پێشکەش دەکات. یەکێك لەو شوێنە گرینگانە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی دوبەیە کە بە یەکێك لە فرۆکەخانە هەرە گەورەکان دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهاندا.

پرۆگرامێك بۆ چاتکردن لە فەیسبووك

لەبەر زۆری ژمارەی ئەندامانی وێب سایتی بەناوبانگی فەیسبووك، کە نزیکەی 400 ملیۆن بەکارهێنەرە لەسەرانسەری جیهاندا، بۆ ئەم مەبەستە پسپۆرانی بواری ئایتی پرۆگرامێکی تایبەت بە چاتکردنیان بۆ بەکارهێنەرانی فەیسبووك دروستکرد. بەهۆی ئەم پرۆگرامەوە بەکارهێنەرانی فەیسبووك, ئێستا دەتوانن هاوشێوەی Yahoo و MSN لە رێگەی پرۆگرامی Chit Chat Messenger چات بکەن بەبێ ئەوەی بڕۆنە ناو وێب سایتی سەرەکی فەیس بووك.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لە فۆڵدەری (Face) هەیە.

یەکەم هارد دیسك بە خێرایی (١٠) هەزار خول لە خولەکێکدا

کۆمپانیای بەناوبانگی بەرهەمهێنەری هارد دیسك (وێسترن دیجیتاڵ) رایگەیاند کە جۆرە هارد دیسکێکی بەرهەم هێناوە بەناوی ڤیلۆسی راپتۆر (VelociRaptor) بە قەبارەی (450) گێگابایتی و (600) گێگابایتی کە خێراییەکەی دەگاتە (10) هەزار خول لە خولەکێکدا.

ئەم جۆرە هاردانە لە جۆری (SATA)ن و بۆ سێرڤەری پێشکەوتوو کۆمپیوتەری کەسی و کۆمپیوتەری ماکینتۆشی توانا بەرز بەکاردێت.

هاردی ڤیلۆسی راپتۆر دیزاین کراوە بۆ ئەو پرۆگرامانەی کە لە کۆمپانیاودامودەزگا گەورەکان بەکاردەهێنرێت و پێویستی بەوەی کە 24 کاتژمێر کاربکات بێ وەستان بێ ئەوەی لە تواناکەی کەم ببێتەوە.



زنجیرەی فێربوونی مایكرۆسۆفت ئێكسڵ ٢٠٠٧

مامۆستا كاروان ڕەشید محمد Karwan.Computer@yahoo.com

- زنجیرەی پێنجەم -

لەم زنجیرەشدا باس لە كۆمەڵێك كرداری گرنگ و بەسوود دەكەین تا بتوانن ئێوەی بەڕێز سودی لێوەربگرن، تاقی كردنەوەی هەریەكە لەم كارانە چندجارێك بەشێوەی عەمەلی دەتوانن بەباشی كارەكان لە لای خۆتان پاشەكەت بكەن و بە ئاسانی بیرتان ناچێتەوە.

+چاپكردن Print: چاپكردن كردارێكی گرنگە لەناو ئەم بەرنامەدا، كاتێك بابەتێك یان هەركارێك ئەنجام دەدەین، ئەگەربمانەوێت ئەو كارە بكەینە سەر پەڕە ئەوا لەڕێگەی ئەم كردارەوە دەبێت، پاش دەستنیشانكردنی ئەو بەشە دەچینەی سەر دوگمەی ئۆفیس و پاشان Print هەڵدەبژێرین وەك وێنەی (1):



لە Name دا ناوی ئەو پرنتەرە هەڵدەبژێرین كە ناساندومانە بە كۆمپیوتەرەكەمان و دەمانەوێت چاپی پێ بكەین، واتە لە Name دا ناوی پرنتەرەكە هەڵدەبژێرین. وە لە بەشی Print range دا (All)بەكاردێت بۆ چاپكردنی هەموو پەڕەكان كە نوسینیان تیادایە، (Page(s بەكاردێت بۆ دیاریكردنی ژمارەی ئەو پەڕانەی كە دەتەوێت چاپی بكەیت بۆ نموونە دەمەوێت لە (3) وە بۆ (7) چاپ بكرێت ئەكاتە لە From) دا دەنوسم (3) وە لە) To) دا دەنوسم (7).

وە بەشی (Number of copies) بەكاردێت بۆ ژمارەی ئەو پەڕانەی كە دەمانەوێت چەن دانەیەكی لەبەر بگرینەوە، چەندە نوسخەمان بوێت ئەوا لێرەدا دەی نوسین، و(Collate) بە كاردێت بۆ چۆنیەتی شێوازی چاپكردنەكە كە ئایا دوابەدوای یەك كۆپی بكات یان بە یەك جار هەمووی كۆپی بكات.

لە بەشی (Print What) سێ كرداری گرنگمان هەركامیان دیاری بكەین ئەوا كارێكی جیاواز ئەنجام دەدات ئەوانیش بەشی (Selection) كە تەنها ئەو بەشانە چاپ دەكات لە پەڕاوەكەدا كە دیاریمان كردووە، وە بەشی (Active sheet(s هەموو ئەو پەڕانە چاپ دەكات كە كەوتونەتە ناو شیتە دیاری كراوەكەوە كە كاری لەسەر دەكەیت. وە بەشی (Entire workbook) هەموو پەڕاوەكەكان بۆ چاپ دەكات كە چەند شیتت تیادا بەكار هێنابێت، ئەم كردارە ئاسانكارییەكی زۆرمان بۆ دەكات ئەویش ئەوەیە كاتێك پەڕاوەكەمان لە 255 شیت پێكهاتبێت بمانەوێت هەمووی چاپ بكەین دوای دیاریكردنی ئەم كردارە پاشان OK دەكەین هەموویمان بۆ چاپ دەكات. وە دەتوانین لە ڕێگەی Preview هەموو كارەكانمان ببینین پێش ئەوەی چاپی بكەین بۆ سەر وەرەقە تا دڵنیابین لەوەی هیچ هەڵەیەكمان نیە.

+لە لیستی (Home) دا كرداری Insert هەیە بەمانای زیادكردن كە چەند كردارێكی گرنگی تیادایە ئەویش بریتیە لە زیادكردنی ڕیزێك یان ستونێك یان شیتێك ئەویش لە ڕێگەی Insert پاشان ئەو ڕیزە یان ستونە یان شیتە كە پێویستە زیادی بكەیت لە زیادكردنی شیتەكاندا

كە بەكاردێت بۆ زیادكردنی ژمارەی شیتەكان، وەك لە پێشتردا باسمانكردووە كە ئەم بەرنامەیە لە (255) شیت پێكهاتووە ، بەرنامەكە خۆی تەنها



(3) شیتمان دەداتێ بۆ زیادكردنی شیتەكانی تر بەو ڕێگەیە دەكرێت Insert > Insert Sheet

+وە ئەگەر بمانەوێت شیتەكان یان ڕیزەكان یان ستونەكان بسڕینەوە ئەوا هەر لە لیستی (Home) دەچینە سەر

www.c4kurd.com

فرمانی Delete و پاشان بەشی دیاریکراو هەڵدەبژێرین وە ئەگەر بمانەوێت ڕیزێك یان ستونێك یان شیتێك



بشارینەوە ئەوا لەڕێگەی Hide دەیان شارینەوە وە لە ڕێگەی Unhide دەتوانین شاراوەکان بهێنینەوە ئەویش هەر لە لیستی Home دەچینە سەر Format cells پاشان بەشی دیاریکراو هەڵدەبژێرین یان دەتوانین دەسکاری بەرزو نزمی و پانی ستون و ڕیزەکان بکەین.

ئەگەر بمانەوێت ناوی هەریەکە لەو شیتانە بگۆڕین ئەوا



هەر لە لیستی Home دا دەچینە سەر Format Cells و پاشان Rename Sheet هەڵدەبژێرین.

+Sort ڕیزکردن / Sort بەمانای ڕیزکردن دێت کاتێك زانیاری ئەو کەسانە تۆمار دەکەین کە مەبەستمانە، بۆنمونە ناوی خوێندکاران لە خوێندنگادا بە هەرەمەکی تۆمارەدەکەین لەگەڵ زانیارییەکانی تردا پاشان لەڕێگەی ئەم کردارەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانین ڕیزیان بکەین بەپێی حروفی ئەبجەدی.

هەر لە لیستی Home دا ئەم کردارە بەدی دەکرێت کە ئەویش دووبەشە کە بە A to Z واتە ڕیزکردن لە بچوکەوە بۆ گەورەی دەست پێدەکات وەك (A،B،C،D ...) و هەروەها Z to A واتە ڕیزکردن لە گەورەوە بۆ بچوك دەست پێ دەکات وەك (Z،Y،X،W)



لەهەمان بەشدا Filter هەیە کە کرداری پاڵاوتن ئەنجام ئەدات، بۆ نمونە کاتێك کۆمەڵێك زانیاری زۆرمان هەیە لە هەربەشێکدا بمانەوێت بەدوای زانیاری دا بگەڕێن دوای دیاریکردنی بەشی دیاریکراو ئەوا هەموو زانیارییەکانی تری ئەو کەسە بەخێرای بۆمان دەردەکەوێت

+Find & Replace / دوو بەشی تری گرنگ کە بریتیە لە Find بەمانای دۆزینەوە و Replace بەکانی گۆڕین، کاتێك لەناو کۆمەڵێك زانیار زۆردا دەمانەوێت بەدوای وشەیەك



یان ناوێك بگەڕێین ئەوا هەر لە لیستی Home دا دەچینە بەشی Find . لە Find What دا ئەو وشەیە یان ناوە دەنوسین کە دەمانەوێت پاشان Find Next یەك وشە ئەدۆزێتەوە، بەڵام ئەگەر چەند وشەیەکمان هەبوو لەوە ئەوا بە Find All هەمووی ئەدۆزێنەوە

+Replace بەواتای گۆڕینی ناوی وشەیەك یان داتایەك بەداتایەکی تر، کاتێك دەمانەوێت لەناو کۆمەڵێك زانیاری زۆردا ناوی چەند شتێك بگۆڕین بە ناوێکی تر ئەوا لە Find دا ئەی دۆزینەوە پاشان لە Replace دەی گۆڕین بە ووشە تازەکە، بۆ نمونە کۆمپیوتەرمان گۆڕی بە کوری، Replace تەنها یەك وشە دەگۆڕێت بەڵام Replace All چەند ووشە هەبێت بەیەکجار هەمووی دەگۆڕێت.



بەرنامەی Norton Ghost
رزگارت دەکات لە فۆرماتکردن

زەکەریا عەلی - مامۆستای پەیمانگای کۆمپیوتەری هەولێر
zakaria4it@yahoo.com

زۆرجـار کۆمپیوتەرەکەمان تووشی کێشەیەك دەبێت کە لەوانەیە نەتوانیت چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزیتەوە، لەم کاتەدا زۆربەمان پەنا بۆ فۆرمات کردنەوەی کۆمپیوتەرەکەمان دەبەین بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان بەلام ئەم ڕێگەیە کاتێکی زۆری دەوێت لەوانەیە زۆربەمان ئەو دەرفەتەمان نەبێت بە فۆرمات کردنی کۆمپیوتەرو پرۆگرامەکان.

بۆئەم مەبەستە هەوڵم دا تەواوی ئەم ڕێگەیە بۆ خۆشەویستانی سی فۆر کورد ڕوونبکەمەوە و لەماوەی چەند خولەکێك ویندۆزەکەت وەکو خۆی لێ دێتەوە.

ئەمەش بە یارمەتی پرۆگرامی (Norton Ghost) دەکرێت کە هەڵدەستێت بە دروستکردنی وێنەیە لەویندۆزەکەت پاشان بەکارهێنانەوەی لەکاتی پێویست دا، پەنا بەخوا هەنگاو بەهەنگاو بۆتانی ڕوونددەکەمەوە.

سەرەتا جووت کلیك لەسەر پرۆگرامەکە دەکەین، پاشان ئەم وێنەیەمان بۆ دێت:



پاشان Next دەکەین وێنەی (2) دێت.



پاشان Next دەکەین وێنەی (3) دێت:



پاشان ناوێك لە User Name دەنووسین و لە Organization شتێك تر دەنووسین پاشان Next دەکەین و وێنەی (4) دێت:



پاشان Next دەکەین و پرۆگرامەکە لەناو درایڤی C دادەبەزێت و وێنەی (5) دێت:



ئینجا کلیك دەکەین لەسەر Install دەست دەکات بە Setup کردنی پرۆگرامەکە وەك لەوێنە (6) ڕوونکراوەتەوە:



پاشان وێنە (7) دێت کە داوا لە هەڵبژاردنی زمانەکە دەکات بەڵام ئێمە کلیك دەکەین Skip:



www.c4kurd.com

ئێستا پرۆگرامەکە بەتەواوی دابەزیە سەر کۆمپیوتەرەکەمان بۆیە دەچینە سەر لیستی Start پاشان All program دەچینە پاشان سەر Norton Ghost 2003 ئینجا کلیك لەسەر Norton Ghost دەکەین. وێنەی (8)مان بۆ دەکریتەوە:



وەك لەوێنەی (8) ڕوونکراوەتەوە پرۆگرامەکە سێ هەلبژاردەی تێدایە سەرەتا دەبێت کلیك بکەین لەسەر Backup بۆ دروستکردنی وێنەیەك لەویندۆزەکەمان و کلیکی لەسەر دەکەین وێنەی (9)مان بۆ دێت:



پاشان Next دەکەین وێنەی (10) دێت:



هەموو ئەو بەشە هاردانەی کۆمپیوتەرەکەمان پیشان دەدات بەلام ویندۆز لەناو چ بەشە هاردێك بێت ئەو بەشە هاردە دیاری دەکەین و لەلای دەستە ڕاست کلیك لەسەر File دەکەین ئەگەر هاتوو ویستمان ئەو وێنەیەی بۆمان دروست دەبێت لەسەر هار دابنێین بەلام ئەگەر کلیك لەسەر Recordable CD or DVD بکەین ئەوە ئەو وێنەیەی ویندۆزمان کە بۆ دروست دەکەتا بۆ لەسەر سیدی یان دیڤیدی دادەنێت بەلام ئێمە وێنەکە لەسەر هارد دروست دەکەین بۆیە کلیك لەسەرفایل دەکەین. پاشان Next وەك وێنەی (11) :



پاشان OK دەکەین وێنەی (12) دێت. کە داوامان لێ دەکات فایلەکەمان لەسەر کام بەشە هارد دابنێت.

پاش دەستنیشانکردنی شوێنی هەلگرتنی فایلەکە کە ئێمە درایڤی D مان دەستنیشان کردووە وەك لەوێنەی (13) ڕوونکراوەتەوە:



پاشان ناوی فایلەکە دەنووسین و Save دەکەین . وەك وێنە (14):



پاشان Next دەکەین:



پاشان Next دەکەین وەلەسەرەوەش نووسراوە Advanced Setting کە تایبەتە بە دانانی پاسوێردو ئای پی ئەدرێس و نێتۆرك بۆیە دەستکاری ناکەین و یەکسەر next دەکەین وێنەی (16) دێت:



لەوێنەی (16) دەست دەکات بە کۆپی کردنەوەی فایلاتەکان و ئەوکاتەی دەیخایەنێت لەسەر کەم و زۆری فایلەکان دەوەستێت، پاشان وێنەی (17) دێت:



لەوێنەی (17)ئاگادارمان دەکاتەوە کە دەتوانی لەڕێگەی سیستەمی دۆسەوە ئیش بەم فایلەی نۆرتنەوە بکەیت و لەکاتی داگیرساندنەوەی ویندۆز هەلبژاردنەکەمان بۆ دێت بۆیە کلیك لەسەر Continue دەکەین و وێنەی (18)مان بۆ دێت.



داوامان لێ دەکات کە دوای کۆتایی هێنان بە دروستکردنی وێنەی باك ئەپەکە کۆمپیوتەرەکەمان ریستارت دەبێتەوە بۆیە هەر پرۆگرامێکت کردۆتەوە دایخە، بۆیە OK دەکەین.کلیك لەسەر Run Now دەکەین.

بۆ دلنیابونمان لە دروست بوونی وێنەی ویندۆز کە دروستمان کردبوو دەچینە ناو بەشە هاردەکە دەبینین ئەو فایلەی دروستمان کردبوو دروست بووە.

پاشان ئەگەر پاش ماوەیەك ویندۆزەکەمان تووشی هەر کێشەیەك بوو دەتوانین بۆ چاککردنەوەی ویندزەکەمان ئەو وێنەیەی پێشوو دروستمان کردبوو بەکاری بهێنین بەم شێوەیە کلیك لەسەر پرۆگرامەکە دەکەین (Norton Ghost 2003) پاشان کلیك لەسەر Restore دەکەین وەك لەوێنەی (19) دا دیارە.



پاشان کلیك دەکەین لەسەر Next و وێنەی ژمارە (20) مان بۆ دێت.



لەوێنەی سەرەوە دەستنیشانی ئەو بەشە هاردە و فایلەکە دەکەین و کە وێنەکەمان تیایدا داناوە و پاشان Open ی دەکەین ئینجا Next دەکەین پاشان وێنە (21) دێت پێمان دەڵێت کام بەشە هاردە دەوێت چاکی بکاتەوە و وێنەکەی لەجێگای دابنێ ئێمە ویندۆز تێك چووەکەمان لە بەشە هاردی C دایە بۆیە دەستنیشانی دەکەین و Next دەکەین.



وێنەی (22) دێت کە وێنەی ویندۆز دووبارە بۆمان دادەنێتەوە و ئاگاداربە دەستنیشانی ئەوە هەڵبژاردە بکە لەوێنەی (22) کەنووسراوە Overwrite Windows.



پاشان Next بکە و وێنەی (23) دێت.



لە وێنەی (23) ئەگەر هاتوو دەستنیشانی پاسۆرد یان شتی ترت نەکردبوو کلیك بکە لەسەر Next.



پاشان کلیك لەسەر Run Now دەکەین بۆ گەڕانەوەی وێنەی پێشوو بۆسەر ویندۆزەکەمان، پاش تەواوبوونی کۆمپیوتەر ریستارت دەبێتەوە و ویندۆزەکە وەکو خۆی لێ دێتەوە.



بەهیوای سوودمەند بوون بۆ گشت خوێنەران. ئەوەی لەم بەشە باسمان کرد هەڵگرتنی وێنەیەك لەویندۆزەکەمان بەشێوەی فایل تۆش هەوڵبدە ئەم ڕێگە بەکاربهێنە پاشان هەڵگرتن بە ڕێگەی سیدی یان دیڤیدی تاقی بکەوە.

تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Ghost) هەیە.



www.c4kurd.com

سەرپەرشتیاری چاككردنەوەی هۆڵی ئەحمەد هەردی بۆ ئینتەرنێت لە كتێبخانەی گشتی سلێمانی بۆ سی فۆر كورد دەدوێت

دیدار: محمد ابوبكر

كتێبخانەی گشتی سلێمانی یەكێكە لەو شوێنە گرنگانەی كە ڕۆژانە سەدان خوێنەر بە تایبەتی لاوەكان بە مەبەستی سوود وەرگرتن ڕوو دەكەنە ئەم كتێبخانەیە و یەكێك لەو هۆڵانەی كە زیاتر لە ٥٠٠٠ ئەندامی هەیە كە ڕۆژانە ڕوودەكەنە ئەم هۆڵە كە ناسراوە بە هۆڵی (ئەحمەد هەردی) بۆ ئینتەرنێت. هەروەها گرنگیەكی زۆری پێ دەدرێت لە لایەن بەرێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە لە دامەزاندیەوە بەردەوام هەوڵی دابین كردنی پێداویستیەكانی بۆ داوەو تەنانەت لە ماوەیەكی كورتدا ٢٥ كۆمپیوتەری نوێی بۆ دابین كردون بەڵام بە داخەوە تاوەكو ئێستا نەتوانراوە وەك كتێبخانەیەكی ئەلكترۆنی سوودی لی وەربگیرێت و هەتا ئێستا سایتێكی تایبەتیان نیە. بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم هۆڵە پێمان باش بوون ئەم چاوپێكەوتنە لەگەڵ بەرێز ئاسان كمال سەرپەرشیاری چاككردنەوەی هۆڵەكە بكەین و بەم شێوەیە باسی بۆ كردین:

ئەم هۆڵە لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە و ئەو كێشانەی كە ڕوو دەكەنە ئەم هۆڵە بە تایبەتی كێشەی توشبوونی كۆمپیوتەرەكان بە ڤایرۆس كە ئەمە گرفتی زۆری بۆ دروست كردوین. هەروەها بەریزیان ئاماژەی بە هۆكاری خابوونەی هێڵی ئینتەرنێت داو وتی ئەوە لای ئێمە نییە بەڵكو پەیوەندی هەیە بەو سەرچاوەی كە هێڵەكەی بۆ دابین كردوین. هەروەها هەندێك لەو بەرێزانەی كە سەردانمان دەكەن شارەزایان نییە یان زۆر كەمە لە بواری كۆمپیوتەر كە ئەمەش دەبێتە هۆی تێكچونی پرۆگرامی كۆمپیوتەرەكان و یان هەندێك لەو فلاشانەی كە بەكاری دەهێنن هەڵگری ڤایرۆسە ئەمانە كێشەیان بۆ دروست كردوین و لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە بەردەوام هاوكاری ئەو بەرێزانە دەكەین كە سوود لەو هۆڵە وەردەگرن.

هەروەها بەرێزیان ئاماژەیاندا بەوەی كە ئەومەرجانەی بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندام ئەوەیە كە بۆ خوێندكارانی ئامادەیی بەرو سەرەوە بێت مانگانە ٣٠٠٠ دینار دەدات و دەتوانێت ڕۆژی یەك كاتژمێر سوودی لێ وەربگرێت بەڵام بۆ فەرمانبەران مانگی ٥٠٠٠ دینار ڕۆژی یەك كاتژمێر.

www.c4kurd.com

بەرنامەسازی بەزمانی جاڤا



هێمن مەلا کەریم بەرزنجی ـ پسپۆڕی ITg SE (چاپتەری یەکەم – بەشی دووەم) hemnymela@yahoo.com

هەڵە و چاککردنی هەڵە Error

ئەگەر لەو بەرنامەیەی کە دەینووسین هەڵەی ڕێزمانی یان (ژیربێژی) لۆجیکی بکەین ئەوا کاتێك بەرنامەکە وەردەگێڕین Compile لەلایەن وەرگێڕی جاڤاوە Java Compiler پێمان دەوترێت کە بەرنامەکەمان هەڵەی تێدایە و دەبێت هەڵەکە چاك بکەین ئینجا وەرگێڕ کاری وەرگێڕانەکەمان بۆ دەکات،بۆ نموونە ئەگەر لەدووای هەر ڕستەیەکەوە (;) دانەنێین،کە ئاماژەیە بۆتەواوبوونی ڕستە،ئەوا پێمان دەڵێت شتێکمان لەبیرچووە دەبێت بۆی دابنێین تا بەرنامەکەمان ڕاست بێت و،ئەنجامی هەبێت.

دووای ئەوەی ویستمان بەرنامەکە وەربگێڕین، ئەگەر هەڵەهەبوو، لەم شێوەیەی خوارەوەدا هەڵەکەمان بۆ دەردەکەوێت و، پێویستە دووانە کلیك Double click لەسەر دێڕی دیاریکەری هەڵەکە بکەین تا بگەڕێینەوە سەر ئەو دێڕەی کە هەڵەکەی تیادایە و چاکی بکەین، دوای ئەوەی هەڵەکەمان چاککرد ئەمجارە کۆمپایلی دەکەین و دەبینین بێ هیچ گرفتێك بەرنامەکە کاری خۆی دەکات و وەردەگێردرێت.



ڕستەسازی 1: بانگکردنی ڕێگە (مێسۆد) Syntax 1: Calling Method

بانگکردنی مێسۆدەکان بۆ ئەوەی ئەو کارەی پێمانداوە جێبەجێی بکات و ئەنجامامان دەست بکەوێت، یەکێکە لە کارە گرنگەکانی بەرنامەسازی و باسکردنی تەواوی میسۆد هەڵدەگرین بۆ چاپتەرێکی سەربەخۆ و تیایدا بەوردی ڕوونی دەکەینەوە.

لەبەرنامەکاندا و بۆ بانگکردنی مێسۆدی چاپکردن Print ئەم شێوازەی خوارەوەمان بەکارهێناوە کە پێکهاتووە لە سێ بەش، ئەوانیش:

1-تەن، واتە: Object.

2-مێسۆد(ناوی مێسۆد) Method.

3-پارامیتەر Parameter.

```
System.out.println("Wlcome to Java Programing");
```

یەکەمین بەشی ڕستەی چاپکردن کە بانگکردنی مێسۆد ڕووندوکاتەوە پێکهاتووە لە System.out ودەبێت ئەوەمان لەبیربێت کەوشەی سیستەم بە پیتی گەورە دەستپێدەکات، بەدوایدا ناوی مێسۆدەکە هاتووە کە بریتییەلە println و دواتریش پارامیتەری ("Wlcome to Java Programing") هاتووە و ڕستەکەش بە سیمی کۆلۆن(;) کۆتای هاتووە.

ڕستەسازی (ڕێسا)1:بانگکردنی مێسۆد Syntax 1:Calling Method

```
Object.methodName(Parameter);
```

نموونە:

```
System.out.println("Hello، World");
```

سەرنج: مێسۆدی چاپکردن Print بۆ چاپکردنی سترینگ Stringو کارەکتەر Character وئەنجامی کردارێك (3+7) و بەکاردێت، بڕوانە ئەم نموونانە:

```
System.out.println("Hello");
System.out.println("o");
System.out.println(3+7);
System.out.println("00");
```

ئەنجامی چاپکردنەکان بەم جۆرە دەبێت:

Hello
O
10
00

هەڵەکان Errors

لەم پێنج نموونەیەدا پێنج هەڵە هەیە و هەوڵبدە ڕاستیان بکەیتەوە بەلاَم ئەگەر نەتتوانی ڕاستیان بکەیتەوە لات ئاسای بێت،چونکە لەسەرەتادایت و،ئەم چاپتەرەش تەنها تایبەتە بە ناساندنی جاڤا و،پێکهاتەی بەرنامە و تویکاری کردن و لە بەشەکانی داهاتوودا بەوردی باسی ڕستەسازی بەرنامەسازی Syntax Programming و چۆنیەتی نەخشەسازی بەرنامە

www.c4kurd.com

و بەکۆد کردنی ڕستە و پرۆژەکان دەکەین.

System.ouch.println(“Hello، World”);
System.out.println(“Hello، World);
System.out.println(Hello، World”);
system.out.println(“Hello، World”);
System.out.println(“Hello، World”)

دیاریکردنی هەڵەکان پێویستی بەوردی و زیرەکی هەیە وبەرنامەساز دەبێت هەمیشەورد و لەسەر خۆبێت وماندوو نەبێت بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و لای ئاسای بێت،ئەگەر دەیان جار هەوڵبدات.چونکە بەرنامە سازی پێویستی بە ماندووبوون و کۆڵنەدان هەیە.

پیشاندانی یەك دێڕ نووسین بە دووڕستەی بەرنامە سازیدا

ئەم نمونەیەش،بەشێکە لە ناساندنی بەرنامەسازی بەزمانی جاڤا،کە پیشاندانی یەك دێڕنووسین ڕووندەکاتەوە،بە بەکارهێنانی دووڕستەی چاپکردن print Statement .

```
//Text - Printing Program
public class welcom1
{
    //main method begins excution of java application
public static void main (String args [])
{
System.out.print ("Wlcome to");
System.out.println(" Java Programing");
}//End - Method main
}//End - class Welcome
```

بەبەکارهێنانی ڕستەی

System.out.print(“Wlcome to”);

دێڕی یەکەمی نووسینەکەمان بۆ چاپ دەکات و بەکارهێنانی ڕستەی

System.out.println(“ Java Programing”);

دێڕی دووەمی نووسینەکەمان بۆ چاپدەکات، بەڵام بەدوای دێڕی یەکەم دا دای دەنێت و،نایهێنێتە سەر دێڕی تازە،بەمەش دوو دێڕنووسینمان بەهۆی ڕستەی بەرنامە سازییەوە چاپ کرد.

پیشاندانی چەند دێڕێك نووسین بە یەك ڕستەی بەرنامە سازیدا

لەبەرنامە سازیدا،یەك ڕستە دەتوانێت چەند دێڕێك پیشانبدات و،چاپی بکات،ئەویش بەبەکارهێنانی کارەکتەری دێڕی نوێ New Line Characters کە لەگەڵ ڕستەی یەکەمی پرنتکردن بەکاردێت و ئەم کارەکتەرە لەهەر شوێنێکی ستریگنەکەدا String دابنرێت، ئەو نووسینەی دەکەوێتە دوایەوە دێتە سەر دێڕی تازە،هاوکات،دەتوانین زۆر کاری دیکەش بکەین،وەکو دانانی دێڕی بەتاڵ Blank Line وبۆشایی Space و ... زۆر کاری دیکەش.

لەم نمونەیەدا، ئەو نوسینەی کە دەمانەوێت چاپی بکەین،لە چوار دێڕدا دایدەنێین،ئەویش بەبەکارهێنانی کارەکتەری دێڕی نوێ New Line Characters و بەمەش چەند دێڕێك لە نووسین پیشان دەدەین بەهۆی یەك ڕستەی بەرنامە سازییەوە،کە ئەمەش کارئاسانییەکی باشە و،بەکۆدێکی کەم کارێکی زیاتر دەکەین.

لە بەرنامە کەدا و،لەناو مێسۆدی چاپکردن داسێ جار n\ بەکاردەهێنین تابەهۆیەوە،نوسینەکەمان لە چوار دێڕدا چاپ

```
//print Multiple Line  of Text with Single Statement
public class welcome3
{
    //main method begins excution of java application
public static void main (String args [])
{
System.out.print("\'Wlcome\n to\n Java\r Programing\' \n");

}//End - Method main
}//End - class Welcome
```

بکەین:

لێرەدا و زۆر بەکورتی باسی ئەو کارانە دەکەین، کە دەتوانین لە ڕێگە(مێسۆد)ی چاپکردن (پرێنت)دا، بە ئەنجامی گەیەنین:

یەکەم:(n\):بەکاردێت بۆ هاتنە سەر دێڕی تازە و بەدانانی n\ لەهەر شوێنێك دا،ئەوەی کە بە دووای دا دێت،لەسەر دێڕی تازە چاپ دەبێت،بڕوانە نمونەکە و،خۆت لەبەرنامەکەدا دای بنێ و ئەنجامەکە ببینە:

System.out.print(“Wlcome\n to\n Java\n Programing”);

دووەم:(t\):بۆ دانانی بۆ شای Space بەکاردێت:

System.out.print(“\t \t Wlcome\n \tto\n Java\n \tPrograming\n\t”);

سێهەم:(\\):بۆ چاپکردنی کارەکتەری باکسلاش \ بەکاردێت:

System.out.print(“\t \t \\Wlcome\n \tto\n Java\n \tPrograming\\\n\t “);

چوارەم:(”\):بۆ چاپکردنی کارەکتەری (”) واتە: Double Quote بەکار دێت:

System.out.print(“\”Wlcome\n to\n Java\n Programing\” \n”);

پێنجەم:('\):بۆ چاپکردنی کارەکتەری (') بەکاردێت:

System.out.print(“\’Wlcome\n to\n Java\n Programing\’ \n”);

شەشەم:(r\):بەکاردێت بۆ Carriage Return و بەهۆیەوە ئەو بەشەی دەکەوێتە پێشییەوە لادەچێت:

System.out.print(“\’Wlcome\n to\n Java\r Programing\’ \n”);

ئەنجامەکە بەم شێوەیە دەبێت:

Out Put:

Wlcome to Java Programming

www.c4kurd.com

ڕەنگکردنی وێنە کۆنەکان بە بەرنامەی فۆتۆشۆپ

ئا: هیمداد حەمەد خۆشناو
himdadmail@yahoo.com

زۆرجار دەمانەوێت وێنەیەکی کۆن ڕەنگاوڕەنگ بکەین. بۆ ئەم مەبەستە چەند ڕێگەیەک هەیە:

1. سەرەتا وێنەیەک دەهێنین. بۆ نموونە من ئەم وێنەم هێناوە:

2. پاشان یەکە یەکە دەستنیشانی بەشەکانی وێنەکە دەکەین. بۆ نموونە من لە چاکەتەکە دەستم پێکردووە:

3. پاشان لە لیستی image دەچینە adjustments پاشان کلیك لە hue/ saturation... دەکەین یاخوت لەسەر کیبۆرد دوگمەی ctrl+u دەکەین:



4. بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە. لەلای ڕاستی بۆکسەکە colorize چالاك دەکەین و پاشان ئەم سەهمانە دەجوڵێنین تاکو ڕەنگەکە لەگەڵ وێنەکە دەگونجێ .



5. لەم وێنەماندا بەم شێوەیە سێتینگەکان دیاریی دەکەین:
1. ڕەنگی وێنەکە .
2. سافی وێنەکە.
3. ڕوناکی وێنەکە.

6. پاشان بەشەکانی تری وێنەکە بەهەمان شێوە ڕەنگ دەکەین. تا لە کۆتاییدا بەم شێوەیەی خوارەوە وێنەکەمان دەردەکەوێت:

ڕێگایەك بۆ چارەسەركردنی پڕ بوونی پۆستی hotmail

سەنعان بارزانی
sanan_khalil@yahoo.ca

زۆربەی زۆرمان بەشداریین لە پۆستی هۆتمەیل (E-Mail Account)داو لەم دوایانەدا قەبارەی پۆستەکە



بچوك کرابووە و لە دوو نامە زیاتر جێی نەدەبووە و بیگرە لەو لاشەوە هەندێ کۆمپانیا بۆ ریکلام کردنیان نامەی زیادە دەنێرن بۆ بەناوبانگ بوونیان و ریکلام کردن. بۆیە ئەم هەنگاوانە دەگرینەبەر:

سەرەتا ماڵپەری www.hotmail.com بکەوە ئینجا یوزەرنێیم و پاسۆردەکەمان تیا دەنووسین تاکو ئیمەیڵەکەمان دەکرێتەوە. ئینجا دەرۆینە سەر Options و کلیکی لەسەر بکەو پاشان کلیك لەسەر Personal Profile بکەو دەرۆینە خوارەوەی لاپەرەکە و نیشانەی راست لەبەردەم ئەم سێ هەڵبژاردنە لادەبەین:

.Share my e-mail address

.Share my first and last names

Share my other registration informa-.tion

و پاشان کلیك لەسەر updata بکە ئەنجا لاپەرەیەکی تر دێ کە داوا دەکات بەردەوام بە continue و کلیکی لەسەر Sing out بکەبە بەردەوامی دوای تەواوبوونی کارەکەت کلیك لەسەر بکەبۆ گەیشتن بۆ کۆتایی کارەکە . لەبیرت نەچێ هەموو ئەو نامانەی کە لە Junk Mail Deletion دان بیسریەوە.

تێبینی: کۆمەڵێك وێنە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (wena) هەیە.

دروستکردنی کۆنێکشنی ئینتەرنێتی (ADSL) لە ویندۆز 7

ئەندازیار زانیار

بۆ ئەوانەی کە ئینتەرنێتی جۆری (ADSL) یان هەیەو لە هەمان کاتدا ویندۆز 7 بەکاردەهێنن، دەتوانن بەم شێوەی خوارەوە کۆنێکشنەکە دروست بکەن زۆر بە ئاسانی:

سەرەتا کلیك لەسەر (Start) بکەو پاشان کلیك لەسەر (Control Panel) بکە وەك لەم وێنەی خوارەوە دیارە:



دوای ئەوە لە مینیۆی (Category) پێویستە لەسەر (Category) بێت بۆ ئەوەی هەنگاوەکان بەو شێوە بێت کە ئێمە باسی دەکەین. ئینجا لە مینیۆی (Network and Internet) کلیك لەسەر (View network status and tasks) دەکەین، وەك لە وێنەکەدا دیارە:



دوای ئەوە ویندۆیەکی ترمان بۆ دەردەکەوێت کە تیایدا لە مینیۆی (Change your networking settings) کلیك لەسەر (Set up new connection or network) دەکەین، وەك لە وێنەکەدا روون کراوەتەوە:



پاشان ئەو ویندۆیە دەبێتەوە کە لە وێنەی خوارەوە دیارەو کلیك لەسەر (Connect to the Internet) دەکەین و ئینجا کلیك لەسەر (Next) دەکەین:



دوای ئەوە لە ویندۆی دواتر کلیك لەسەر (No, create a new connection) دەکەین و پاشان کلیك لەسەر (Next) دەکەین:



پاشان لە ویندۆی داهاتوو کلیك لەسەر (Broadband PPPoE) دەکەین:



لەم ویندۆیەی کە بۆمان دەردەچێت لە شوێنی (User name) و (Password) ئـەو (User name) و (Password) دەنوسین کە لەسەر ئەو کارتە نووسراوە کە لەلایەن کۆمپانیای ئینتەرنێتی (ADSL) دابین دەکرێت و کلیکێك لەسەر (Remember this password) دەکەین بۆ ئەوەی هەموو جار پێویست نەکات کە پاسۆردەکە بنوسینەوە لەشوێنی (Connection name) هەرناوێك دەتوانین بنوسین بۆ ئەوەی کۆنێکشنەکەی پێ بناسینەوە و ئینجا کلیك لەسەر (Connect) دەکەین:



دوای ئەوە ویندۆیەکی ترمان بۆ دەکرێتەوە، وەك ئەو وێنەی خوارەوە:



دوای کەمێك چاوەڕوانی ویندۆیەکی تر دەردەچێت و ئێستا پەیوەندییەکە بە ئینتەرنێتەوە دروست بووە لەسەر (Browser the Internet now) کلیك دەکەین بۆئەوەی ئینتەرنێت بکەینەوە، وەك لە وێنەی خوارەوە دیارە:



ئـەوەی باسمان کرد ئـەوە بوو کاتێك بۆ یەکەمجار ئـەو کۆنێکشنە دروست بکەین، بـەڵام دوای ئەوەی ئەو کۆنێکشنەمان دروست کرد ئەگەر بۆ جارێکی تر ویستمان پەیوەندی بە ئینتەرنێت بکەینەوە، ئـەوا ئەم هەنگاوانە دەرۆین:

لـەلای ڕاستـی خـوارەوەی دیسـك تـۆپ تەنیشت کاژێرو بەرواری کۆمپیوتەرەکە ئایکۆنی کۆمپیوتەرێکی بچووك دەردەکەوێت و کلیکی لەسەر دەکەین و ئینجا کلیك لەسەر کۆنێکشنی ئینتەرنێتەکە دەکەین کە لەم باسەماندا هەر بەناوی (Broadband Connection) بەجێمان هێشتبوو، پاشان کلیك لەسەر (Connect) دەکەین:

www.c4kurd.com

دوای ئـــەوە ویندۆیەکی ترمان بۆ دەردەچـێـت وەک لە وێنەی خوارەوە روون کراوەتەوە تەنها کلیك لەسـەر (Connect) دەکەین:

تێبینی: کاتێك ماوەی ئەو کارتەی ئینتەرنێت تەواو دەبێت و بەسەر دەچـێـت لـە شوێنی (User name Password)) و (User name) (Password)ی سەرکارتەکە دەنوسین، بەڵام پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین کە کلیکێك لەسەر Save the user name) (....and password بکەین بۆ ئەوەی پێویست نەکات کە هەموو جار ئەو یوزەر نەیم و پاسۆردە بنووسینەوە ئەگەر نیشانەی (✓) لەسەر نەبوو.



دواتـر ئـەم ویـنـدۆیـەی خـوارەوە دەبێتـەوەو پـاش کەمێك چاوەروانی پەیوەندییەکە بە ئینتەرنێتەوە دروست دەبێت و دەتوانین ئینتەرنێت بەکاربهێنین.



گۆرینی ناوی ئایکۆنی
(Control Panel)

گاری هەولێری - سێ یەمی کۆمپیوتەر

دەتوانین هەستین بەگۆرینی ناوی ئایکۆنی (Control Panel) ناو مای کۆمپیوتەر بۆ ناوێکی تر کە مەبەستمانە ئەویش بەکردنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

1. لەناو (Run) دا دەنووسین (Regedit).
2. بـەگـوێـرەی ئـەم مـەسـارەی خـوارەوە کلیك لەسەر فۆلدەرەکان دەکەین
HKEY_CLASSES_ROOT\CLSID\{21EC2020-3AEA-1069-A2DD-08002B30309D}
3. لـەلای دەسـتـە راسـت دەبـڵ کلیك لـەسـەر کلیلی (Default) لەناوی دا ئەو تێکستە دەنووسین کە دەمانەوێت لەجێگاوی ناوی (Control Panel) دا بە دیارکەوێت بۆ نموونە لەناوی دەنووسین (کۆنترۆل پەناڵ) یاخود ئەو ناوی کەمەبەستە جا ناوەکە بەهەر زمانێك بێت.
6. کۆمپیوتەرەکەت لوگ ئۆف بکە، پاشان دەبڵ کلیك



لەسەر ئایکۆنی مای کۆمپیوتەر دەبینت ناوەی ئایکۆنی (Control Panel) گۆراوە.

www.c4kurd.com

داخستنی دۆس لە ویندۆز ئیکس پی



م. ڕەسول بایز- دواناوەندی (چرۆ)ی نموونەیی- کۆیە
rosee_land@yahoo.com

بێگومان زۆرجار پێویستمان دەبێت کە سیستمی دۆس (Dos) دابخەین واتە: کەس نەتوانێ لە سیستمی دۆسی کۆمپیوتەرەکەمان کاربکات تەنها بەکارهێنەرنەبێت. فەرموو لەگەڵم بن بۆ ئەنجامدانی کردارەکە:

سەرەتا دایەلۆگ بۆکسی (Run) ئەکەینەوە و لێی دەنوسین gpedit.msc و کرتە لە ئۆکەی دەکەین وەك لە وێنەی یەکەم دەرکەوتووە، دەبینین پەنجەرەیەکمان بۆدەکرێتەوە لە ژێر ناونیشانی (Group Policy) لەوێدا لەلای دەستی چەپ کلیك لەسەر زائیدی(+) تەنیشت (Computer configuration) دەکەین و دواتر کلیك لەزائیدی(+) تەنیشت (User Configuration) ئەکەین وە پاشان کلیك لە زائیدی(+) تەنیشت (Administrative Templates) و ئینجا یەك کلیك چەپ لەسەر وشەی (System) دەکەین و دەبینین لەلای دەستی ڕاست چەند ڕستە زانیاریەکمان ئەداتێ و ئێمە دەبڵ کلیك لەسەر ڕستەی (Prevent access to the command prompt) دەکەین وەك لەوێنەی دووەم دەرکەوتووە لە ئەنجامدا دایەلۆگ بۆکسێکمان دەداتێ، جا بۆ ئەوەی نەهێلین کەس داخل بە سیستمی دۆس بێت ئەوا لە ژێر فرمانی (setting) کلیك لەو بازنەی تەنیشت (Enable) دەکەین و دواتر لەژێر ئەو نوسراوەی کە نوسراوە (Disable the command prompt script processing also?) لەوێدا فرمانی (Yes) هەڵدەبژێرین و دواتر کرتە لە فرمانی (Ok) ئەکەین وەك لە وێنەی سێیەم دەرکەوتووە، ئێستا ئەگەر بچین لە (Run) بنووسین cmd دەبینین پەنجەرەی دۆس دێت و لەهێڵی چوارەم نوسراوە Press any key to continue وەك لە وێنەی چوارەم دەرکەوتووە، بەڵام ناتوانی هیچ شتێك بنووسی بەڵکو تەنها وشەیەك دابگریت پەنجەرەی دۆس دادەخرێت. جا بۆ ئەوەی بمانەوێت پێچەوانەی بکەینەوە ئەوا لەوێنەی سێیەمەوە دەست پێ دەکەینەوە ئەم جارەیان هەر لەژێر فرمانی (setting) کلیك لە بازنەی تەنیشت (Not Configured) دەکەین و دواتر کرتە لە ئۆکەی دەکەین و ئەبینین ئەتوانین کار لەناو دۆسدا بەئەنجام بگەیەنین.





تێبینی: ئەم ڕونکردنەوەیە تەنها ویندۆز Xp و ویندۆزەکانی پێش Xp دەگرێتەوە.

www.c4kurd.com

Butterfly
يارييەک بۆ هەموو تەمەنەکان

يارى ئازادكردنى پەپولەكان ياخود يارى (Butterfly Escape) يەكێكە لەيارييە خۆش و سەرنج ڕاكێشەكانى كۆمپيوتەر، ئەو يارييەى كە زۆرێك لەبەكارهێنەرانى كۆمپيوتەرى سەرسام كردووە و لەگەڵ بڕينى هەر قۆناغێك ناچارت دەكات بەردەوام بيت تا بگەيتە قۆناغى دواتر. ئامانج لە يارييەكە بريتيیە لە شكاندنى ئەو تۆپانەى كە بەڕيز دەڕۆن واتە دەبێت سێ تۆپ لە ئاستى يەكتر و لەهەمان ڕەنگ دابنێيت تاكو بيان شكێنيت. ئەم يارية دەيان قۆناغى سەرنجراكێش و خۆشى تێدايە.

بۆ سێت ئەپكردنى يارييەكە سەيرى فۆڵدەرى تايبەت بە يارييەكە بكە لە نێو سيدى گۆڤار دوو فايلى لەناوە، فايلێكيان تايبەتە بە سێتاپ كردنى بەرنامەكە ئەوى تريش پاش تەواوكردنى سێتاپەكە، فايلەكەى تر كۆپى بكە و لەناو فۆڵدەرى بەرنامەكە لە ناو پرۆگرام فايل پەيستى بكە.

شيكردنەوەى يارى Butterfly Escape

١. مەرجى سەرەكى يارييەكە ئەوەيە كە هەر دوو تۆپ يان زياتر يەك ڕەنگ بوو دەبێت تۆپێكى هەمان ڕەنگى ئاڕاستە بكرێت بۆ ئەوەى بيانشكێنيت.

٢. بۆ هەر قۆناغێك تەنها ٣ياريت هەيە بۆ ئەوەى قۆناغەكە ببڕيت، بەڵام لەگەڵ كۆكردنەوەى خاڵ لەقۆناغەكان دەتوانى يارييەكان زياد بكەيت.

٣. ئازاد كردنى هەر پەپولەيەك واتاى بڕينى قۆناغێكە.

٤. شكاندنى ١٢ تۆپ بە تۆپێك ئەستێرەيەك دروست دەكات، وەرگرتنى ٢٨ ئەستێرە يارييەك زياد دەكات.

٥. هەشت جۆر يارمەتيدەر هەيە بۆ شكاندنى تۆپەكان لەكاتى يارييەكەدا، جا ئەگەر بتوانى زۆرترين چانسى ئەو يارمەتيدەرانە بەدەست بهێنيت ئەوە باشتر دەتوانى يارييەكە تەواو بكەيت.

يەكەم يارمەتيدەر وێنەكەى دووربينێكە لەخوارەوە لاى دەستە چەپ، هەر كاتێك چانسى ئەم ئۆپشنەت بۆ هات ئەوا بە ئاسانى دەتوانى شوێنى ئەو تۆپەى ئاڕاستەى دەكەيت بزانيت. دووەم يارمەتيدەر تۆپى ڕەنگينە، واتە ئەو تۆپەى ئاڕاستەى هەر جۆرە ڕەنگێكى بكەيت ئەوا لە يەك كاتدا ٩ لەتۆپەكان دەكاتە هەمان ڕەنگ كە ئەمەش چانسێكى باشە بۆ بەدەست هێنانى ئەستێرە.

سێهەم يارمەتيدەر تۆپى ئاگرينە، تۆپى ئاگرين لەتوانايدايە هەموو جۆرە تۆپێك بسوتێنێت كاتێك ئاراستە دەكرێت بەڵام تەنها ئەو تۆپانە دەسوتێنێت كە لەكاتى ئاڕاستەكردنيدا دەبنە بەربەستى. واتە بەكارهێنانى وەك لەم وێنەيەدا ديارە زۆر كاريگەرتر دەبێت.

چوارەم يارمەتيدەر دەمانچەيە، بەهۆى يارمەتيدەرى دەمانچەوە دەتوانيت ٦ تۆپ لەهەر ڕەنگێك بێت بشكێنيت.

پێنجەم يارمەتيدەر تۆپى سەربازييە، بەهۆى يارمەتيدەرى تۆپى سەربازييەوە دەتوانى زياتر لە ٧ تۆپ بشكێنيت لەهەر ڕەنگێك بێت و دووربێت يان نزيك، واتە بەهۆى نيشانەكەيەوە دەتوانى ئەو تۆپانەش بشكێنيت كە زۆريش دوربن لێتەوە بەڵام بەمەرجێك بتوانى تۆپەكە بدەيت لە ناوەڕاستى ئەو ٧ تۆپەى كە دەتەوێت بيانشكێنيت.

شەشەم يارمەتيدەر تۆپى بروسك، ئەم تۆپە زياتر لە ١٠ تۆپ دەشكێنێت لەشوێنى جياجيادا.

حەوتەم يارمەتيدەر گەڕاندنەوەى ئاراستەى ڕۆشتنى تۆپەكانە، ئەگەر بتوانى ئەم تۆپە بەدەست بهێنيت ئەوا تۆپەكان بە پێچەوانەى ئاراستەى ڕۆشتنيانەوە دەگەڕێنەوە بۆ دواوە، كە ئەمەش هۆكارێكى يارمەتيدەرى باشە بۆ زاڵبوون بەسەر شكاندنى تۆپەكان. هەشتەم يارمەتيدەر ڕاوەستانى جووڵەى تۆپەكانە لە ڕۆشتن كە تەنها بۆ ماوەى ٣ چركە دەوستن و پاشان دواتر دەست بە جووڵە دەكەنەوە، ئەم هۆكارەش زۆر يارمەتيدەرە بۆ ئاراستە كردنى تۆپەكان و شكاندنيان بە ئاسانى.

تێبينى: يارييەكە لەناو سيدى تايبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەرى (Butterfly) هەيە.

www.c4kurd.com

پیتی بەشە هاردی کۆمپیوتەرەکەت بەئارەزووی خۆت بگۆڕە

خۆگر بەرزنجی khogr_barzngy@hotmail.com

بۆگۆڕینی نـاوی هەرفۆڵدەر یان ئایکۆنێك تەنانەت نـاوی درایڤەکانیش بـەکردنی یـەك ڕایـت کلیك و پاشان هەڵبژاردنی (rename) دەتوانی ئەوناوەی کە مەبەستتە لەجێی ناوە کۆنەکەی دا بنێیت، بەڵام ئەگەر بمانەوێت پیتی یەکێك لەدرایڤەکان بگۆڕین ناتوانین بەو هەنگاوانەی کاباسم کرد ئەو کارە بکەین،بۆگۆڕینی پیتی درایڤەکان بەم هەنگاوانە لەگەڵم بن .

لە دیسك تۆپ لەسەرئایکۆنی (My Computer) ڕایت کلیك بکە و (Manage) هەڵبژێرە.

دوای هەڵبژاردنی ئەو فرمانە پەنجەرەیەکمان بۆ دەکرێتەوە لەهەڵبژاردنەکانی لای دەستە چەپ فرمانی (Disk Management) هەڵ دەبژێرین وەك ئەم وێنە:



پاشان کەمێك چاوەڕێ دەکەین تالۆدەکە تەواو دەبێت، ئێستا دەتوانین ئەو درایڤەی کەمەبەستمانە ناوەکەی بگۆڕین بەکردنی ڕایت کلیکێك و هەڵبژاردنی (change drive letter and paths) پاش هەڵ بژاردنی ئەم فرمانە پەنجەرەیەکی بچووکمان بۆ دەکرێتەوە وەك ئەم وێنە:



بە کلیك کردن لەسەر فرمانی (change) پەنجەرەیەکی ترمان بۆ ئەکرێتەوە، بەکلیك کردن لەسەر ئەو مینۆیەی لای ڕاست لیستێکمان بۆ دەکرێتەوە کە دەتوانین پیتێك بەئارەزووی خۆمان هەڵبژێرین واتا ناوی درایڤەکەمان ئەگەر (E) بێت دەتوانین ئەو پیتە بگۆڕین، ئێستا لێرەدا بەئارە زووی خۆمان دەتوانین پیتێك هەڵبژێرین، بەمەرجێك ناوی بەشەهاردێکی ترنە بێت چونکە خۆی ئەوپیتانەت پیشان نادات کە بۆ بەشەهاردی کۆمپیوتەرەکەت بەکارهاتووە وەك ئەم وێنە:

ئێستا ئەگەر (My Computer) بکەینە و سەیری ئەو درایڤەکەین دەبینین کە پیتی درایڤەکە گۆڕاوە بەو پیتەی کەهەڵمان بــژاردووە. وەك لـەم دوو وێـنـەیـە کەروون کراوەتەوە:





www.c4kurd.com

بۆ ئەو كەسانەی كە حەزیان لە ڕاوە ماسیە!!!

سەروەر دلشاد گەنجو sarwar.dilshad@gmail.com

راوە ماسی وەك ئـارەزوێـك، زۆر كەس هەیە لە ئێمە كە ئـارەزووی ڕاوە ماسی هەیە هـەردەم حەز دەكات لە كاتی پشووی بچێتە ئەو شوێنانەی كە گۆم و زەڵكاوی لێیە شیاوە بۆ ڕاوە ماسی. زۆر كەسیش هەیە تەنها وەك ئارەزوو ڕاو دەكات دواتر نێچیرەكە بەرەڵا دەكات، وە هەشە تەنها بۆ خواردن ڕاوی دەكات.

بەڕێزان ڕاوكردنی ماسی كارێكی وا ئاسان نیە وەك ئێوە بیردەكەنەوە چونكە پرۆسەكە شارەزایی دەوێت جاری وا هەیە نزیكەی یەك كاتژمێر دەخایەنێت ڕاوچی قولابەكە دەخاتە ناو ئاوەكە كەچی بە ماندووبونێكی زۆرەوە ناتوانێت ماسی ڕاو بكات ئەمەش لەوانەیە بەهۆی نەبوونی ماسی لەو شوێنە.

بۆ ئاسانتركردنی پرۆسەی ڕاو كردنی ماسی و كەمكردنەوەی ماندوبون كۆمپانیایەكی چینی هەستا بە دروستكردنی ئامێرێك كە پێی دەوترێت ماسی دۆزەرەوە (Fish Finder)ئەم ئامێرە پێك دێت لە هاندێك كە شاشەیەكی تێدایە لەگەڵ گۆیەكی هـەسـتـەوەر Sensor كە كێبلێكی 9 مەتری لەگەڵە، ئەم ئامێرەش بە دوو پاتری قەڵەم كاردەكات.

چۆنیەتی كاركردنی ئەم ئامێرە سەرەتا دوو پاتری قەڵەمەكە دەخەینە سـەر ئامێرەكە شاشەكەی دەكەوێتە كار كردن دەستی بەجێ گۆیە هەستەوەرەكە Sensor بەهۆی كێبڵە 9 مەتریەكە دەخەینە ئەو شوێنەی كە مەبستمانە بۆ ڕاو كردنەكە، كاتێك كە گۆیە هەستەوەرەكە نقومی ژێر ئاوەكە دەكەین ئەگەر سەیری شاشەی ئامێرەكە بكەین پیشان دەدات ڕێژەی هەبوونی ماسی لەو شوێنە ئایا ماسی هەیە یان نا ئەگەر،هەبوو ئەوا بەردەوام ئەبیت لە ڕاوەكەت ئەگەر نەش بوو ئەوا بە ئاسانی و بە كاتێكی زۆر كەم و بەبێ ماندوو بون شەوێنەكەی خۆت دەگوازیەوە بۆ شوێنێكی تر تا ئەگەیتە ئەو شوێنەی كە بە دڵتە.

بەرنامەیەكی یابانی بۆ كردنەوەی سایتی ئینتەرنێت

ئاسان كمال عبدالله asankamal@hotmai.com

بەم دواییە یابانیەكانیش دەیانەوێت جێ دەستیان لە نێو پرۆگرامەكانی كۆمپیوتەر هەبێت و بێنە نێو كێبركێی ئەو بوارەوە.

بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەیەكی تایبەت بە كردنەوەی سایتی ئینتەرنێتیان دروست كردووە. بەرنامەی Lunascape بە یەكێك لە بەرنامە سەركەوتووەكان دەژمێردرێت و دەتوانێت بە خێراییەكی بەرچاو سایتەكانی ئینتەرنێت بۆ بكاتەوە.

هەروەها ئەم بەرنامەیە هیچ كێشەیەكی نیە لەگەڵ سایتە كوردیەكان و سەپۆرتی تەواوی سیستمی یونیكۆد دەكات.

ئـەو پـرسـیـارەكـەی كە دەمێنێتەوە ئەوەیە ئایا یابانیەكان دەتوانن بەم بەرنامەیان كێبركێی ئینتەرنێت ئێكسپلۆرەری مایكرۆسۆف و فایەرفۆكسی مۆزێلا و كرۆمی گوگڵ بكەن كە ئێستا ئەوانە لەو پەری پێشكەوتندان و زۆرترین بەكارهێنەری ئینتەرنێت بەرنامەكانیان بەكار دەهێنن. لەگەڵ ئەوەش داهاتوو وەڵاممان دەداتەوە.

تێبینی: پرۆگرامەكە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (luna) هەیە.

نرخەکانی بڵاوکردنەوەی ڕێکلام لە گۆڤاری سی فۆر کورد

گۆڤاری سی فۆر کورد گۆڤارێکی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان، هەموو مانگێك بە تیراژی (2000) دانە چاپ دەکرێت و دەکەوێتە بازاڕەوە، ژمارەیەکی زۆری لێ دەکرێت بە دیاری بۆ دام و دەزگاکانی حکومی و کۆمپانیا و زانکۆو کۆلێژەکان و ئەو کەس و شوێنانەی کە تایبەتمەندن بە بواری کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و مۆبایل و گەیاندن و ... هتد لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان وەکو هەولێر، سلێمانی، کۆیە، هەڵەبجە، ڕانیە ، کەلار، کفری، سەید صادق، سۆران، چۆمان، چەمچەماڵ، ... هتد.

شوێنەکانی تایبەت بە ڕێکلام لە گۆڤاری (سی فۆر کورد):

ز	شوێن		نرخ به دینار
1	دوای بەرگی یەکەم	دوای بەرگی یەکەم دێت بە قەبارەی A4 و بە ڕەنگاوڕەنگ.	100,000
2	دوای بەرگی یەکەم	دوای بەرگی یەکەم دێت بە قەبارەی نیو A4 و بە ڕەنگاوڕەنگ .	50,000
3	لاپەڕەی یەکەم	دەکەوێتە دوای بەرگ بە قەبارەی A4 بە ڕەنگاوڕەنگ.	100,000
4	لاپەڕەی یەکەم	دەکەوێتە دوای بەرگ بە قەبارەی نیو A4 و بە ڕەنگاوڕەنگ	50,000
5	پێش بەرگی کۆتایی	پێش بەرگی کۆتایی دێت بە قەبارەی A4 و بە ڕەنگاوڕەنگ.	100,000
6	پێش بەرگی کۆتایی	پێش بەرگی کۆتایی دێت بە قەبارەی نیو A4 و بە ڕەنگاوڕەنگ .	50,000
7	بەرگی کۆتایی	بەرگی کۆتایی بە قەبارەی A4 و بە ڕەنگاوڕەنگ.	200,000
8	دوو لاپەڕەی ناوەڕاست	دەکەوێتە ناوڕاستی لاپەڕەکانی گۆڤارو بە ڕەنگاوڕەنگ	250,000
9	لاپەڕەکانی ناوەوە	جگە لەوانەی سەرەوە هەر لاپەڕەیەکی ناوەوە بە ڕەنگاوڕەنگ بە قەبارەی نیو A4	25,000

ڕێکلام لەناو (CD) کە لەگەڵ گۆڤاری (سی فۆر کورد) بە دیاریی دەدرێت:

لەناو ئەم (سی دی)یەدا هەموو ئەو پرۆگرامانەی کە لەناو گۆڤارەکە باس کراون دادەنرێن لەگەڵ چەندین پرۆگرام کە ڕۆژانە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت پێویستیان پێی دەبێتو وە ئەم (سی دی)یە بەشێوەی ئۆتۆرەن و بە دیزاینێکی قەشەنگ دروست دەکرێت:

ڕێکلامەکە بە شێوەی فایلی جوڵاوە gif دەبێت و بە کلیك کردن لەسەری لاپەڕەی ڕێکلامەکە دەکرێتەوە 25,000 دینار

تێبینی: داشکاندن لە ژمارەی دابەزاندنی ڕێکلام دا هەیە بەم شێوەی خوارەوە:

١. دابەزاندن لە (3) ژمارەی گۆڤار داشکان بە ڕێژەی 5 %

٢. دابەزاندن لە (6) ژمارەی گۆڤار داشکان بە ڕێژەی 10 %

٣. دابەزاندن لە (12) ژمارەی گۆڤار داشکان بە ڕێژەی 20 %

بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندی بکەن بە:

ژمارەی مۆبایل: 07504664288 ئیمێل: np@c4kurd.com

باوکی هێڤار

دیارییەکان + ریکلام + ملەوەنکردن + بەزمی سیدی

جارێ پێش هەموو شتێك خۆشحاڵین کلیکی لای راستی ئەمجارە بە ملەوەنی دەبینن. دوای ساڵێك زیاتری رایت کلیك وە ئەخیرەن بە رەنگی سور دەیبینن و بەو ئومێدەی هەمیشە بە داهێنانی نوێ سی فۆر کورد بێتە خزمەتی ئێوەی ئازیز.

من پێم خۆشە باسی چوار شتتان بۆ بکەم کە لەسەرەوە ئیشارەتم پێ داوە، پێش هەموویان مەسەلەی دیاریەکانی گۆڤار کە زۆرێك لە خوێنەرانی دڵیان پێی خۆشەو لە ژمارەی پێشوش هەندێك باسمان لێوەکرد. رەنگە ئەمجارە دەرچونی لاپتۆپێك بۆ خاوەن بەختەکەی ئەم ژمارەیە تا رادەیەك سەرنج راکێش بێت. ئەوەی گرنگە لێرە ئەوەیە کە بە ئێوە بڵێم چەند گۆڤار زیاتر بفرۆشرێت ئەوەندە دیاریەکە گەورەتر دەبێت. ئەویش بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دەگەڕێتەوە ئەوەیە کە ستافی سی فۆر کورد نایانەوێت بەم گۆڤارە لە کرێچێتی رزگاریان بێت و سەیارەکانیان بکەنە مۆدێلی بەرز. تەنها هەدەفیان پێشخستنیەتی و خزمەتی زیاتری ئەم بوارەیە. بۆیە پارەی سی فۆر کورد بۆ خۆیەتی و خزمەتی سی فۆر کورد خۆی دەکاتەوە. بۆیە دیارییەکان بەندە بە ئاستی گیرفانی سی فۆر کورد.

جگە لە ژمارەی فرۆشتنی، ریکلام هاتن بۆ گۆڤار هۆکارێکی تری پاڵنانە بۆ هەبونی دیاری لە هەموو ژمارەیەکدا. چونکە کاتێك ئێمە ریکلامێك لەناو گۆڤار دەکەین ئەو پارەیە یان دەدەینەوە بە ریکلام بۆ خۆی یان بە دیاری بۆ ئێوە. ئەی ستاف چی بۆ ئەمێنێتەوە؟ بێگومان شتێکی زۆر بەنرخ ئەویش ئەوەیە کە دەڵێین شتێکمان کردوە و دەتوانین حەقی تەواو بدەین بە ئێوەو سی فۆر کورد. ئەوە گرنگترین خەڵاتە بۆ ستاف. بۆیە تۆش دەتوانیت لەهەر سێ حاڵەتەکە بەشدار بیت. هەم دڵی سی فۆر کورد خۆش بکەیت بەوەی ریکلامی بۆ بهێنی. چونکە ئەمجارە هەموو لاپەڕەکانی ملەوەنەوە دەتوانیت بە نرخی تەنها ٢٥ هەزار ریکلامەکەت بگاتە دەستی دوو هەزار ماڵ. هەم چانسێکە بۆ ناساندنی کۆمپانیاکەت، سایتەکەت و ئەو کارەی هەتە، هەم یارمەتیدانی سی فۆر کوردە و هەمیش دەرچونی خەڵاتی باشتر بۆ هەموان. کەواتە بەریکلامێك (ببورن بە بەردێك) چەند نیشانەیەك دەپێکیت.

شتێکی تر کە ئەم ماوەیە پێوەی مەشغول بویت بە ملەوەن کردنی گۆڤارە. بێگومان کارێکی ئاسان نیە و لە هەموو لاکانەوە دەبێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت. هەم لایەنی ماددی، هەم لایەنی جوانی هەم لایەنی پەرە پێدان بە ناوەرۆکێکی بەرزو بەسود. بۆیە هەتا ئەم ساتەش چاوەڕوانی وەڵامی کۆتایی چاپخانەین و بزاین حاجی دڵشاد بەو پارەیەی گیرفانی سی فۆر کورد رازی دەبێت؟

کۆتا شتم مەسەلەی نرخی گۆڤارە کە دەیبەستمەوە بە بەزمی سیدی پەیداکردن بۆ گۆڤار. دیارە گۆڤاری تایبەت بە کۆمپیوتەر جیاواز لە گۆڤارەکانی تر پێویستە سیدی لەگەڵ بێت کە سیدیشی لەگەڵ بێت دەبێت لە ناو نایلۆن بێت. ئەمانە هەموو هەم سەرئێشەو هەم پارە و کاتی دەوێت. بۆیە هەمیشە خاوەنی ئەم جۆرە گۆڤارانە دەبێت حسابی سیدیی نایلۆن و تێگرتنی بکات. بەڵام ئەوەی کە وەزعەکە زیاتر تێك دەدات مەسەلەی بەرز بونەوەی نرخی سیدی و زۆرجاریش موادی مەتبەعە. بۆ نمونە ئەمجارە زیاتر لە ٥٠ دۆلار چوەتە سەر نرخی سیدی و بە هەزار حاڵ توانیمان دوو هەزار سیدی پەیدا بکەین. لەهەمووی سەیرتر لە بازاردەنگۆی ئەوە بوو کە ئیتر مەعمەلی سیدیەکە وەستاوە. جا وتمان ئەگەر وابێت مەگەر هەر گۆڤارێك فلاش میمۆریەکی لەگەڵ بێت بۆ ئەوەی بەرنامەکانی لەسەر دابنێین!!

بەهەرحاڵ ئەمانەو زۆری تریش هەمیشە لە مێشکی ستافی سی فۆر کوردایەو موهیمترینیان ئەوەیە پێویستە ئێمە چی بکەین و هەدەفمان چیە لەم کارەمان تا چەندێك توانیومانە ئەوەی پێویستە بیگەیەنین نەك تەنها نوسینی سەر وەرەقە بێت بڵێین گۆڤارێکمان هەیە ناوی سی فۆر کوردە.

www.c4kurd.com